خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5892) یەک شەممە 15ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


واشنتۆن سزای ئەنقەرە دەدات

ئەنجوومەنی نوێنەران کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی بە جینۆساید ناساند

لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی سیناتی ئەمەریکا پشتیوانی لە پرۆژە یاسایەک کرد بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا بەهۆی هێرشەکانیەوە بۆ سەر باکووری سووریا و کڕینی سیستەمی بەرگریی مووشەکی ئێس 400ی ڕووسی، ئەمەش لە نوێترین هەنگاوی ئەنجوومەنی سیناتدا تاوەکو سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ ناچار بکەن هەڵوێستی تووندتری هەبێت بەرانبەر ئەنقەرە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی لەگەڵ بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی و هەر سێ سکرتاریەتی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا خەڵکی کوردستان پاداشی هەڵوێستەکانی پارتییان دایەوە



دوێنێ شەممە 2019/12/14 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر سێ سکرتاریەتی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی لە گوتەیەکدا ڕۆشنایی خستەسەر بارودۆخی سیاسی و دواپێن گۆڕانکارییەکان لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و هەروەها ئاماژەی بە تەحەدییاتی بەردەم گەلی کوردستان و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیانی دا. سەرۆک بارزانی هێمایشی بە ڕۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا لە پاراستن و بەرگریکردن لە کوردستان و ڕایگەیاند کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا خەڵکی کوردستان پاداشی هەڵوێستەکانی پارتییان دایەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی پشتیوانیی خۆی بۆ پرۆژە و بەرنامەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بابەتی چاکسازی لە بواری جیاجیاکان و، هەروەها ڕێکخستنەوە و باشترکردنی دۆخی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی و بە هەنگاوێکی گرنگی بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستانی لە قەڵەم دا.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وێڕای ئاماژەدان بە گرنگی و بایەخی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان، جەختی پێشەنگبوونی ڕۆڵی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان لە هەموو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونێک کردەوە. سەرۆک بارزانی پالپشتیی تەواوی خۆی بۆ داوکاریی لاو و قوتابی و ئافرەتان ڕاگەیاند و داوایشی کرد کە ئەو سێ ڕێکخراوە گرنگە بۆ ئەو پەرەنسیپانە بگەڕێنەوە کە لە پێناویاندا دامەزراون.

عێراق.. خۆپیشاندانەکان قوربانی زیاتری لێکەوتەوە

خۆپیشاندەران لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری بەسرە گردبوونەتەوە



وەک نارەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە پشتگوێ خستنی داواکارییەکانیان بۆ دابیکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی کار، دەیان کەس لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری پاریزگا بەسرە باشووری عێراق خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، ئەفسەر لە سوپای عێراق، لە لێدوانێکیدا پشتڕاستی کردەوە کە دەیان کەس لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری بەسرە گردبوونەتەوە.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

مەحمەد شیاع بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دیاری کراوە

مەحمەد شیاع سودانی دیاری کراوە تا پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت، خۆپیشاندەرانی عێراقی لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان، ڕۆژی هەینی و شەممە دەربارەی هەواڵی کاندیدکردنی محەمەد شیاع سودانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و دژی وەستانەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا دامەزراندنی «پارتی ئایندە»ی ڕاگەیاند

سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا، ئەحمەد داودئۆغلو ڕۆژی هەینی «پارتی ئایندە»ی دامەزراند و لە ڕێوڕەسمێکدا ناساندی، تیایدا ئەحمەد داودئۆغلو گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند: ئەمرۆ، «ئایندە هی میللەتەکەمانە، ئایندە هی تورکیایە» و هیوای خواست کە «پارتی ئایندە» ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ میللەت و وڵاتەکەیان. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بۆریس جۆنسن: سەرکەوتنی هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی نوێی پێداوین بۆ جێبەجێکردنی بڕیکسیت



سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن کە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی وڵاتەکەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ڕایگەیاند حکوومەتەکەی دەسەڵاتێکی نوێ و بەهێزی بەدەستهێناوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیکسیت. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پارێزگای هەولێر و مووسڵ و کەرکووک پێکەوە گرێدەدات

پردی گوێڕ بە فەرمی کرایەوە

پردی گوێڕ وەک گەورەترین پردی عێراق کرایەوە و بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕیش دەڵێ، پردی گوێڕ سێ پارێزگا بە یەکەوە دەبەستێتەوە و کاریگەری لەسەر بزاوتی بازرگانیی نێوان هەولێر و مووسڵ دەبێت. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

لە ماوەی 15 ڕۆژدا زیاتر لە 22 تەن کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر ڕوونیکردەوە: لە ماوەی 15 ڕۆژدا لەلایەن تیمەکانمانەوە توانراوە دەست بەسەر زیاتر لە 22 تەن کەلوپەلی ماوەبەسەرچوودا بگرن. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

مۆدێلێکی نموونەیی

سەلام عەبدوڵلا

ئەمە دواپین بۆچوون و هەڵسەنگاندنی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکایە بە دیموکراتەکان و کۆمارییەکانەوە لەسەر هەرێمی کوردستان.

ئەمەش بەهۆی ئەو ڕاستییانەی کە خرانەڕوو، هەر بۆیەش هەموو کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق مۆدێلێکی بەهێزە بۆ دیموکراسی و پێکەوە ژیان و ئاسایش و ئاوەدانی.

ئەمەش لەو ڕووەوە دێت کە هەرێمی کوردستان لەناوچەیەکدایە کە تژییە لە تووندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ناسەقامگیری و پشێوی و ئاژاوە و شەڕی تایەفەگەری، کە ئەم ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەی کردۆتە زۆنگاوێک بۆ پەرەسەندنی ڕەوتە تووندڕەوەکان، بەرادەیەک کە بۆتە مۆڵگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەکردنی تیرۆریستان کە ئێستا لەدەیان گروپی تووند ئاژوو، لەژێر سێبەری ئاڵای جۆراوجۆر و ناوی جیاوازدا، خۆیان دەنوێنن و دەیانەوێت ئەم وڵاتانە چەندین سەدە بەرەو پاشەوە ببەن و شەوەزەنگی سەدەکانی نێوەڕاست بگێڕنەوە و باڵی تاریکی و تووندڕەوی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا زاڵ بکەن و میتۆدی ژیان ببەنەوە بۆ چاخی بەردین.

ئەم هەڵسەنگاندنە ئەرێنییە، دەقاو دەق، بەپێچەوانەی ناحەزانی ناوخۆی خۆمانە، کە بەداخەوە هەمیشە بەچاوێکی نێگەتیڤەوە، سەیری ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەردەم لە هەوڵی بێ بایەخکردنی ئەم هەرێمەن، بەڕادەیەک کە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ لەو بۆچوونە چەوتانەیان.

فەرموون ئەوە وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمەریکا، چۆن بە ئەرێنییەوە دەڕوانێتە ڕاستییە بەرچاوەکان و چۆن ئەم ناحەزانەش هەردەم سەنگەری دوژمنکارانەیان لە هەرێم گرتووە و زۆر لە شۆڤێنییەکان و هەموو ئەوانەی چاویان بەرایی بەم هەرێمە نایەت، هەمیشە ئەوانیش بۆ دژایەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی ئامادەو لەسەر خەتن.

ئەوە نەبوو هەندێک لاقرتێیان بەهەرێم دەکردو خوازیاری سیستەمێکی عێراق ئاسابوون بۆ هەرێم؟! ئەو سیستەمی کە خۆپیشاندەران و ناڕەزایان دەیانەوێت سەرەونگونی بکەن، چونکە بێ دادی و گەندەڵی و بێ ڕێزی بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی گەیشتۆتە ئاستێک کە کەس پێی هەزم ناکرێ، هەر بۆیەش عێراق نیستا بەیەکێک لەگەندەڵترین وڵاتانی دنیا هەژمار دەکرێت. بۆیە ئێستا ئیدی هەقە دانیشتوانی هەرێم بەچاوی ڕێزەوە لەم گۆشە ئارام و سەقامگیرو ژینگە لەبارەی پێکەوەژیانە بەرز بنرخێنن و شانازی پێوە بکەن.

هەر ئەمەشە وای لەکۆنگرێس و ئەندامانی کردووە کە داوا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و بەرپرسانی دۆسیەی عێراق بکەن کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەرێم بەگرنگییەوە ڕەچاو بکەن و دژی هەر هەڕەشە و پیلانێک بن کە ڕووبەڕووی ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بکرێت و هەڵوێستی دەستەبەجێ و تووندیان بەرامبەری هەبێت.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر دەکات



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/12/12 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە عومەر ئەلکندری کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر کرد.
لە دیدارەکەدا کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر سڵاوی شێخ سەباح ئەحمەد ئەلسەباح ئەمیری کوەیتی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و جەختیش لە پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و کوەیت کرایەوە. بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری کونسوڵخانەی ئەمەریکا پرۆژەیاسای چاکسازییان تاوتوێ کرد



هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ئەندرۆ لانتس بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسوڵخانەی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەو ئالۆزییانەی ئێستای ناوەڕاست و خواروی عێراق و جموجۆڵەکانی داعشی بۆ شاندەکە خستەڕوو. پەیوەست بە هەرێمی کوردستان هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بە پرۆژەیاسای چاکسازی کرد و رایگەیاند: لە کۆبوونەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆی دەنگ پرۆژەیاسای چاکسازی پەسەندکرا و پرۆژەکە نێردرایە پەرلەمانی کوردستان ، بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمان ئەرکە یاساییەکانی ئەو پرۆژەیە بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان ئەنجامەدات و ئامانج لە پرۆژەکەش هێنانەکایەوەی دادپەروەریە لە رووی کارگێری و دارایییەوە.
لەلای خۆیەوە ئەندرۆلانتس بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسوڵخانەی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بە پرۆژە یاسای چاکسازی دەربڕی و رایگەیاند کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی لە ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیی خۆیانی بۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان دەربڕی.

نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە بۆریس جۆنسۆن دەکات





لە پەیامێکدا بەبۆنەی سەرکەوتنی پارتی پارێزگارانەوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بەریتانیا ، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز بۆریس جۆنسۆن کرد ، ئەمە دەقەکەیەتی:

جەنابی سەرۆک وەزیران بۆریس جۆنسۆن،
سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا

بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتەکەتان پارتی پارێزگارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بەدەستی هێنا. هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان و پارتەکەتان دەخوازم.
ئەم سەرکەوتنە گەورەیە و بەدەستهێنانی متمانەی گەلی بەریتانیا ، نیشانەی بڕوا و پشتگیریی گەلەکەتانە لە سەرکردایەتی و ڕوانینی خۆتان و پارتەکەتان بۆ ئێستا و داهاتووی بەریتانیا. ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە ڕێز و پێزانینەوە لە هاوکاری و پشتگیرییەکانی بەریتانیا بۆ گەلی کوردستان دەڕوانین و بە پەرۆشەوە خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانمانین.
دووبارە پیرۆزبایی لە جەنابتان و پارتەکەتان دەکەم، هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان و حکوومەتی داهاتووتان و ئارامی و پێشکەوتنی بەردەوام بۆ گەلی بەریتانیا دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/13

کوتلە شیعەکانی عێراق بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هەیە دۆخی عێراق ئاڵۆزتر ببێت، بەهۆی ئەوەی پێکهاتە شیعەکانی عێراق بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون. د.قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: مالکی شیعە ناکۆکە لە دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کاتی زۆربەی نەماوە، ئەمڕۆ 2019/12/15 ماوەی یەکەمی دەسەڵاتی سەرکۆمار بۆ ڕاسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی حکوومەت تەواو دەبێت. باسی لەوەش کردووە کە دەنگۆی دیاریکردنی محەمەد شیاع سوودانی هەیە، بەڵام بە فەرمی هێشتا نازاندرێت.
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی نەیشارەدەوە کە ئەگەر هەیە دۆخێکی ئاڵۆز لە عێراق ببێتە ئاراوە، بە تایبەتیش بەهۆی ئەوەی نێومالکی شیعە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، "بەشێکیان دەڵێن با سائیروون کە کوتلەی گەورەی پەرلەمانی عێراقە، کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران دیاری بکات. بەشێکی دیکەش کە هەریەکە لە لیستەکانی (فەتح، دەوڵەتی قانون، ئیراده و کەفائە)ن کە سەرجەمیان 120 ئەندامی پەرلەمانیان هەیە، محەمەد شیاع سوودانییان پێشنیاز کردووە."
لە ژێر فشاری خۆپیشاندەران و لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق، ڕۆژی 2019/11/27 عادل عەبدولمەهدی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاگەیاند، دوای دوو ڕۆژ، پەرلەمانی عێراق دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند کرد. بەپێی دەستووری عێراق، سەرکۆمار دەبێت لە ماوەی 15ڕۆژ لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران، کەسێک بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپێرێت.

بۆریس جۆنسن: سەرکەوتنی هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی نوێی پێداوین بۆ جێبەجێکردنی بڕیکسیت



سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن کە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی وڵاتەکەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ڕایگەیاند حکوومەتەکەی دەسەڵاتێکی نوێ و بەهێزی بەدەستهێناوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیکسیت.
لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، جۆنسن ڕایگەیاند: دەبینم کە ئەمە لەم قۆناغەدا دەسەڵاتێکی نوێ و بەهێزی داوە بە حکوومەتی پارتی پارێزگارانی تاکە نەتەوەیی نەک تەنیا بۆ جێبەجێکردنی بڕیکسیت، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ یەکخستن و پێشخستنی ئەم وڵاتە.
جۆنسن ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجامەکە دەبێتە هەڵبژاردنێکی مێژوویی کە ڕێز لە ئیرادەی دیموکراسی گەلی بەریتانیا دەگرێت و، چانس دەدات بۆ باشترکردنی وڵات و دەرخستنی هەموو تواناکانی گەل. ڕاشیگەیاند: ئەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەین ئەوەیە کە وەک ئەنجامی سەر سندوقەکان هێنده چانسمان هەبێت بۆ گەڕانەوە (بۆ پەرلەمان)، ئەوا ئەمڕۆ کارەکەمان دەستپێدەکات. لە لایەکی دیکەوە، جۆنسن لە ناوچەی هەڵبژاردنی خۆرئاوای لەندەن، ڕێژەی دەنگەکانی زیادی کرد و، بە جیاوازی حەوت هەزار و 210 دەنگ و تێکڕا بە 25 هەزار و251 دەنگ دووبارە بۆ ئاڤام کاماراس هەڵبژێردرایەوە.
بە پێی ئەو ئەنجامانەی لەسەر سندوقی دەنگدان دەرچووە پارتی پارێزگاران بە ڕێبەرایەتی جۆنسن بە بەدەستهێنانی 388 کورسی پەرلەمان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. بەو شێوەیەش زۆرینەی پەرلەمان کە دەکاتە 326 کورسی تێپەڕاندووە و دوای دوو ساڵ سەرلەنوێ توانی بە تەنیا دەسەڵات بگرێتەوە دەست.
پارتی کرێکاران بە ڕێبەرایەتی جێرمی کۆربین، کە گەورەترین ڕکابەری جۆنسن بوو بە بەدەستهێنانی 191 کورسی پلەی دووەمی بەدەستهێنا.
بەو شێوەیەش پارتی کرێکاران لەو 262 کورسیەی لە هەڵبژاردنەکەی 2017دا بەدەستیهێنان 71 کورسی لەدەستدا و دووچاری یەکێک لە خراپترین شکستەکانی مێژووی بووەوە.
هەر پێوەست بە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیاوە لەکۆی چوار کاندیدی کورد بۆ پەرلەمانی بەریتانیا ، دوو کورد توانیان لەم هەڵبژاردنەدا سەربکەون و ببنە پەرلەمانتاری بەریتانیا.
نەدیم زەهاوی خەڵکی خانەقینە و سەرکەوتنی بەدەستهێنا؛ لەناو کاندیدە کوردەکان بە کۆکردنەوەی33 هەزار و 343 دەنگ، توانی زۆرترین دەنگ لەسەر ئاستی کاندیدە کوردەکان بەدەستبهێنێت. هەروەها فریاڵ کلارک کوردێکی باکوری کوردستانە و بەهەمان شێوە توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێت و بگاتە پەرلەمانی بەریتانیا.



ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت:

محەمەد شیاع بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دیاری کراوە

محەمەد شیاع سودانی دیاری کراوە تا پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت، خۆپیشاندەرانی عێراقی لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان، ڕۆژی هەینی و شەممە دەربارەی هەواڵی کاندیدکردنی محەمەد شیاع سودانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و دژی وەستانەوە.
ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی دوێنێ شەممەیدا بڵاوی کردەوە، لەنێو ئەو کەسانەی کە ناویان وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق هاتووە، تاڕادەیەک لە بەرژەوەندی محەمەد شیاع سودانی یەکلایی بووەتەوە، کە لەئێستادا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.
یەکێک لە کاندیدە بەهێزەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، محەمەد شیاع سودانیە، کە ئەندامی حزبی دەعوەی نوری مالکیە، بەڵام پێش ڕاسپاردنی، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە ڕەتکرایەوە.
بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاوکرابووەوە سودانی هەر لەدوایی دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆرترین ناوی هاتووە بۆ وەرگرتنی پۆستەکە، خۆپیشی هەر زوو ڕوونکردنەوەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ئەو کاندیدی گەلە و کاندیدی هیچ حزبێک نییە. وەک ئامادەکارییەکیش بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانیش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سودانی دەست لەکارکێشانەوەی لە حزبی دەعوە و و فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ڕاگەیاند.

www.xebat.net
پەک شەمە 2019/12/15 ژمارە (5892)

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بۆریس جۆنسن دەکات



مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بۆریس جۆنسن سەرۆکی پارتی پارێزگاران و سەرۆک وەزیرانی شانشینی یەکگرتوو کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی میژوویی پارتی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیادا.

لە پەیامەکەدا هاتووە: پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە میژوویییەتان لێ دەکەم، هیوادارم بەیەکەوە کاربکەین بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی یەکگرتوو.

پەیوەندییەکانی دەرەوە و شاندێکی پارتی ئازادی کۆبوونەوە



شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستانی باکوور (پاک)، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان مستەفا ئۆزچەلیک، سەرۆکی گشتیی پاک و، عەبدولڕەحمان گوندکی، ئەندامی سەرکردایەتی و ئۆرهان کایا، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی و نوێنەری (پاک) لە باشووری کوردستان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێز هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە هەڤالانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بە گەرمی پێشوازی کران.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی سەرکردایەتیی پارتی ئازادیی کوردستانی باکوور، گەشەپێدانی پەیوەندیی دۆستانە و لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو پارتی (پ.د.ک) و (پاک) لەسەر کۆمەڵێک پرسی گرنگی تایبەت بە دۆزی کورد و دیدگای هەردوو لا لەسەر پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و ئاشتیی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەوە و گرنگیدانیان بە ڕێکخستنەوەی دیاسپۆرای کوردستانی لە تاراوگە لە لایەک و، نزیکیی دیدگای پارتی و هەموو ئەو پارتە سیاسییانەی لە کوردستانی باکوور دا لەسەر بنەمای یەکهەڵوێستی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان و ڕێزگرتن لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە پێناوی ئاشتی و ڕێگەی دیالۆگی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی تێدەکۆشن و لە پێناوی پێشکەوتنی دۆزی کورد لە ڕێگەی هێنانەدی ئاشتی و یەکترقبوونکردن و لە ڕێگەی دیالۆگی سیاسی و ڕێزگرتن لە ئازادیی بیروڕا و بەرەوپێشبردن و پەیڕەوکردنی پەیوەندیی سیاسیی سەردەمیانەی نێوانیان لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریی و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بۆ پێشخستنی دۆزی کورد و لە نێو دامەزراوەکانی ڕەوەندی کوردستانی لە دیاسپۆرا بەرز نرخاند.

لە تەوەرێکی تری گفتوگۆی نێوانیاندا، پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسی و ڕووداوەکان و ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەی شەقامی عێراقی و چاوەڕوانییەکانی هەرێمی کوردستان لەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی عێراق هاتوونەتە کایەوە بە ئاراستەی هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق، کە داوای چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن، لە دیدگای (پ.د.ک) داوای ڕەوان کە بە داخەوە دوای وازهێنانی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە عێراق هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق بنێن، کە ناکرێت ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی هەرێم نادیدە بگیرێن، کە بە بێ گەرانەوە بۆ دەستوور ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆییانەی عێراق زیاتر تەشەنە دەکەن و کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەخاتە بەردەم مەترسییەوە.

بەڕێز مستەفا ئۆزچەلیک، سەرۆکی گشتی (پاک)، پێشکەوتنە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستانی لە هەموو بوارەکاندا بەرز نرخاند و سوپاس و ستایشی پشتگیری و هەوڵە بەردەوامەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، کە جیا لە نزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باکوور و حکوومەتی کۆماری تورکیا، کە بەردەوام پشتیوانی چارەسەرکردنی دۆزی سیاسی کوردستانی باکوور بوون بە ڕێگەی ئاشتیانەوە، کە لە باکووری کوردستان چەند ساڵێکی پڕ لە ئارامی و سەقامگیریان بەری کرد و لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کەلتووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەوە ناوچەکە بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لە دوای 2011هیدی هیدی حکوومەت خۆی لە چارەسەری ئاشتیانەی و دیالۆگی سیاسی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان دزییەوە و لە ئەنجامدا هەوڵی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسی و ناوخۆیی و بووژاندنەوەی ناوچەکە پشتگوێ خران و چالاکییەکانی جەماوەری و ئاشتیانە و دیموکراسیانەی پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستانیش سنووردار کراون، هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی سوپای تورکیاشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هێندەی تر ناکۆکیی سیاسی و تووندوتیژیی لێ کەوتووەتەوە، کە بە هۆیەوە دۆستایەتیی نێوان گەلانی ناوچەکەشی خستۆتە بەردەم مەترسییەوە.

ڕوونکردنەوەیەک لە سەرباز هەورامی-یەوە

هەفتەنامەیەک کە گومانی بەرچاو لە ئاراستەی کار و ئەجێندەکانیدا بەدی دەکرێ و پاڵنەری سیاسی مەبەستداری هەیە بە ناوی "ژیان" لە ژمارە (118) ڕۆژی یەکشەمە 2019/12/8دا، بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی "سپیکردنەوەی پارە"دا بڵاوکردۆتەوە، کە گوایە دۆسیەکی تێوەگلانی بەندە لە وەرگرتنی پارە لە هەندێک کۆمپانیا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو سەرچاوەیەی هەفتەنامەکە پشتی پێ بەستووە، لە ساڵی 2005وە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی نادروست تەشهیر بە پارتێکی دیاریکراو دەکات. ئەم بابەتەی "ژیان"یش لە هەمان چوارچێوەدایە، دیارە کە لە بە ئامانجگرتنی کەسایەتی منداڵ، ئامانجی دیکەیان هەیە و دەیانەوێ خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و خاکفرۆشتن و دزینی نەوتی کەرکووکی پێ بشارنەوە، بەتایبەت کە لەم کاتەدا کۆنگرەیان هەیە.

لە ڕاستیدا مەبەستم نەبوو هیچ ڕوونکردنەوەیەک یان وەڵامێک لەسەر بابەتی هەفتەنامەی "ژیان" بنووسم، کە بۆ ڕای گشتی کوردستان ڕوونە چ ئەجێندایەکی سیاسی هەرزان و مەترسیداری لە ناوخۆی کوردستان لە پشتە، بەڵام کاتێک پرسەکە دێتە سەر بابەتی دۆسیەی دادگا و کەیسی گەندەڵی، ناچارم چەند ڕاستییەک بخەمەڕوو، کە تەواوی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییە ناڕاست دەردەخەن.

لە بابەتەکەی "ژیان"دا کە لە سەرچاوەیەک کە هەر خۆیان لە پشتەوەین، بە ناوی EKurd Daily وەرگیراوە، دەشڵێن لە وەزارەتی دادی کازاخستان ئەو بەڵگانە دەستکەوتوون، لەکاتێکدا تائێستە ئەو وڵاتەم نەبینیوە. سەرەڕای ئەوەی کە ناوی چەندین کەسایەتی لە هەرێمی کوردستان و لە زۆرێک لە وڵاتان لە ڕاپۆرتەکەی-EKurd Dai ly.ادا هاتووە، بەڵام تەنیا ناوی "من"یان زەقکردۆتەوە، لە کاتێکدا هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنتێکی فەرمی بڵاونەکراوەتەوە، کە لە ناوەندێکی باوەڕپێکراوەوە دەرچووبێ، هاوکات ئەم پرسە لە لایەن هیچ لایەنێکی فەرمی و نافەرمی پشتڕاست نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەوەی پشتیان پێ بەستووە و وەک سەرچاوە بەکاریان هێناوەتەوە، تەنیا ئەو سەرچاوە ئینگلیزییەیە کە ناوی "EKurd Daily

هەماهەنگی نزیک لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

پۆمپیۆ لەپاڵ هۆشداریدان بە بەرپرسانی تاران جارێکی دیکەش ئەوەی وەبیرهێنانەوە کە پێویستە ئێران ڕێز لە سەروەری وڵاتانی دراوسێ بگرێت و بەزووترین کات پشتیوانییە سەربازییەکانی بۆ میلیشیاکانی لە عێراق و ناوچەکە بوەستێنێت. جێی وەبیرهێنانەوەیە ڕۆژی 9ی کانونی یەکەم لەڕێی4 موشەکی کاتیۆشاوە هێرشێک بۆسەر بنکەیەکی سەربازی نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا و هێرشەکەی 11ی مانگیشی بۆسەر فڕۆکەخانەکە وەبیرهێنایەوە کە بە موشەک ئەنجام درابوون و گوتی: لە ماوەی ڕابردوودا میلیشیاکانی ئێران چەندین هێرشیان بۆسەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق، بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە. ناوبراو لە دریژەی ڕوونکردنەوەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەمەریکا بەردەوامدەبێت لە پشتیوانیی چارەسەرکردنی دۆزی سیاسی کوردستانی باکوور بە ڕێگەی ئاشتیانەوە، کە لە باکووری کوردستان چەند ساڵێکی پڕ لە ئارامی و سەقامگیریان بەری کرد و لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کەلتووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەوە ناوچەکە بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لە دوای 2011هیدی هیدی حکوومەت خۆی لە چارەسەری ئاشتیانەی و دیالۆگی سیاسی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان دزییەوە و لە ئەنجامدا هەوڵی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسی و ناوخۆیی و بووژاندنەوەی ناوچەکە پشتگوێ خران و چالاکییەکانی جەماوەری و ئاشتیانە و دیموکراسیانەی پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستانیش سنووردار کراون، هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی سوپای تورکیاشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هێندەی تر ناکۆکیی سیاسی و تووندوتیژیی لێ کەوتووەتەوە، کە بە هۆیەوە دۆستایەتیی نێوان گەلانی ناوچەکەشی خستۆتە بەردەم مەترسییەوە.

ئەمەریکا هۆشداریی تووند دەداتە بەرپرسانی ئێران

مایک پۆمپیۆ: لە ئەگەری ئەنجامدانی هەر هێرشێک بۆ سەر ئەمەریکییەکان بەرپەرچدانەوەی تووندمان دەبێت



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند، دەمەوێت ئەوە بەبیری بەرپرسانی تاران بهێنمەوە کە ئەگەر ئێران و میلیشیاکانی هەر هێرشێک بۆ سەر ئەمەریکییەکان، هاوپەیمانەکانمان یاخود بەرژەوەندییەکانمان ئەنجامبدەن، ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی تووندی ئەمەریکا دەبنەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا لەبارەی تووندوتیژی و ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی عێراق جارێکی دیکە هۆشداری دایە بەرپرسانی تاران و ڕایگەیاند: لە ئەگەری ئەنجامدانی هەر هێرشێک بۆ سەر ئەمەریکییەکان، هاوپەیمانەکانمان و بەرژەوەندییەکانمان لەلایەن ئێران و میلیشیاکانییەوە بەرپەرچدانەوەی تووندمان دەبێت.

پۆمپیۆ هێرشەکەی ڕۆژی 9ی ئەم مانگەی بۆسەر بنکەیەکی سەربازیی نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا و هێرشەکەی 11ی مانگیشی بۆسەر فڕۆکەخانەکە وەبیرهێنایەوە کە بە موشەک ئەنجام درابوون و گوتی: لە ماوەی ڕابردوودا میلیشیاکانی ئێران چەندین هێرشیان بۆسەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق، بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە. ناوبراو لە دریژەی ڕوونکردنەوەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەمەریکا بەردەوامدەبێت لە

سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا دامەزراندنی «پارتی ئایندە»ی ڕاگەیاند

داودئۆغلۆ: سیستەمی سەرۆکایەتی بووەتە هۆی داتەپینی پێوەرەکانی دیموکراسییەت لە تورکیا



سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا، ئەحمەد داودئۆغلۆ ڕۆژی هەینی «پارتی ئایندە»ی دامەزراند و لە ڕێورەسمێکدا ناساندی. ڕێورەسمەکە لە هوتێل بیلکەنت لە ئەنقەرە بەڕێوەچوو، تیایدا ئەحمەد داودئۆغلۆ گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند: ئەمڕۆ، 'ئایندە هی میللەتەکەمانە، ئایندە هی تورکیایە 'و هیوای خواست کە 'پارتی ئایندە 'ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ میللەت و وڵاتەکەیان.

داودئۆغلۆ ئاماژەی بەوەدا، ئێمە خۆمان بۆ داهاتوو ڕاهێناوە نەک ڕابردوو، بە خۆشەویستی نەک بە ڕق، بە سۆز نەک بە کینە، بە هیوا نەک بە ترس. ئێمە دێین تاکو ئایندەیەک بنیاتبنێین نەک شیوەن بۆ ڕابردوو بکەین. نەهاتووین تا گوتەکانی پێشوو دووبارەبکەینەوە، بەڵکو هاتووین تا شتێکی نوێتان پێبڵێین.

ئەحمەد داودئۆغلۆ جەختیشی لەوەکردەوە باوەڕیان تەنیا بەسیستەمێکی بەهێزی پەرلەمانیی هەیە و پشتوانیی لە سیستەمی سیاسیی "دیموکراتیی بەشداریکردن" دەکەن.

داودئۆغلۆ لەبارەی پرسی دیموکراتی و دەستوورییشەوە دوا و ڕایگەیاند: یەکێک لە مشتومڕە کۆنەکانی تورکیا گەیشتنی تورکیایە بە دیموکراتی تەواو ئازاد و دەستوورێکی نوێی مەدەنی. بەبێ دەستوورێکی دیموکراتی داهاتوویەکی خۆشگوزەران و دیموکرات بۆ تورکیا بەدینایەت. پارتەکەمان، بە مکوڕیی پارێزگاریی لەوە دەکات کە دەبێت سەرلەنوێ و لە بناغەوە دەستوورێکی نوێ بە بەشداریەکی زۆر بەرفراوان بنووسرێتەوە .'ئاشکراشیکرد دوای سێ مانگ لە کارکردنی چڕ، لە هەموو ناوچەکانی تورکیاوە، لەهەموو گرووپی تەمەنە جیاوازەکانەوە و لە سەرجەم پیشەکانەوە، تیمێکی بەهێزیان پێکهێناوە.

ئەحمەد داودئۆغلۆ تیشکی خستەسەر ئەوەی، لۆژگەکەیان گەلاڵەیەکی دارچنارە و لەو بارەیەوە گوتی: چنار درەختێکی سیمبولییە، گەلاکە و ڕەنگەکەشی تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆیە لە لۆژگۆکەیاندا بەکاریان هێناوە. سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، بەڵێنی ئەوەشی داوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێدانی (ئەکەپە) بهێنێت و ڕایگەیاندووە، دیموکراسییەت لە تورکیا گەڕاوەتەوە دواوە. بە بۆچوونی چاودێرانیش، دامەزراندنی ئەو پارتە کاریگەریی لەسەر ڕێژەی دەنگدەر و پشتیوانانی پارتی داد و گەشەپێدانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەبێت و ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگەکانی لەدەست دەدات.

داودئۆغلۆ ئەوەشی وەبیرهێناوەتەوە: سیستەمی سەرۆکایەتی نوێ کە ساڵی ڕابردوو لە تورکیا پەسەند کرا و دەسەڵاتی فراوان بە ئەردۆغان دراوە، بووەتە هۆی داتەپینی پێوەرەکانی دیموکراسییەت لە وڵات.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارگوزارێک خەڵات دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەڵاتی بەخشییە ئەو کارگوزارەی کە دوای دەوامیش کار دەکات و شەقام و کۆڵانەکانی هەولێر پاک دەکاتەوە. خەڵاتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن د. جووتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمەوە گەیەندرایە دەست کارگوزارەکە. ڕەفعەت محەمەد، دانیشتووی شاری هەولێرە و زیاتر لە 20 ساڵە وەک کارگوزار لە شارەوانی کاردەکات.



عێراق.. خۆپیشاندانەکان قوربانی زیاتری لێکەوتەوە

خۆپیشاندەران لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری بەسرە گردبوونەتەوە

تا ئێستا حەوت کورد لە خۆپێشاندانەکانی بەغدا کوژراون

خەبات/

وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە پشتگوێ خستنی داواکارییەکانیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی کار، دەیان کەس لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری پارێزگای بەسرە باشووری عێراق خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. ئەفسەر لە سوپای عێراق، ملازم محەمەد خەڵەف لە لێدوانێکیدا پشتڕاستی کردەوە کە دەیان کەس لە بەردەم کێڵگەی نەوتی مەجنوون باکووری بەسرە گردبوونەتەوە و داوا دەکەن خزمەتگوزارییەکان و دەرفەتی کاریان بۆ دابین بکرێت. محەمەد خەڵەف گوتیشی: هێزە ئەمنییەکان ڕێوشوێنی تونديان لە دەوروبەری دەروازەکانی کێڵگە گرتووەتەبەر، ئەویش بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێک ئەگەر لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە ڕووبدات.

لە ناوەڕاستی بەغدا 10 لە خۆپیشاندەران بریندارببوون

هەروەها دوێنێ شەمە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند، لە خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی وەسبە و پردی ئەحرار ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە. بە گوتەی سەرچاوەکە، خۆپیشاندەران هێزە ئەمنییەکانیان بەردباران کردووە و دواتر هێزە ئەمنییەکان ناچاربوون گازی فرمێسکڕێژ بەکاربهێنن. شایەتحاڵەکانیش بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە کە بەهۆی بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی وەسبە و پردی ئەحرار، 10 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

ژمارەیەک کورد گیانیان لەدەستداوە

لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی ڕاگەیاندووە: لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانی گۆڕەپانی وەسبە و پردی ئەحرار نزیکەی دوو مانگە بەڕێوە دەچێت، ژمارەیەک هاووڵاتیی کوردی نیشتەجێی شاری بەغدا بەشدار بوونە و بەپێی زانیارییەکانی ئێمە تا ئێستا حەوت هاووڵاتی کورد بەهۆی ئاڵۆزییەکانی بەغداوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی بریندارانیش نازانرێت چەندە. گوتیشی: یەکێک لە قوربانیانی کوردی نێو خۆپێشاندانەکانی عێراق، کچێکی کوردی بەغدایە و قوتابیی قۆناغی دووەمی زانکۆیە. ئاشکراشی کردووە: هەرچەندە ئێستا هیچ سەرژمێریەکی دروست لەبارەی ژمارەی کوردانی نیشتەجێی شاری بەغدا نییە، بەڵام ژمارەیان ناگاتە یەک ملیۆن و بەشێکی زۆریان دوای لەناوچوونی ڕژێمی بەعس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، لەنێو خۆپێشاندانەکان کوردیش خێمەیەکیان بۆ داواکاریی خۆیان لە حکوومەت و دەسەڵاتدارانی عێراق هەڵداوە و، لە لایەن هەندێ عەشایەری فەیلیەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانە

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە هەست بە نیگەرانی دەکات بەرامبەر بە کوژران و دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرانی عێراق و پاڵپشتی خۆشی بۆ داواکارییەکانی خۆپیشاندەران دووپات کردەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی عێراق بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە: داوا لە بەرپرسانی عێراق دەکەین کە بەپەلە لێکۆڵینەوە بکەن لە بەکارهێنانی تووندوتیژیی دژبە خۆپیشاندەران. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نیگەرانی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە تێوەگلانی گرووپە چەکدارەکان لە کوشتن و ڕفاندنی خۆپیشاندەران و داواشی لە هەموان کردووە دان بەخۆدا بگرن و لە تووندوتیژی و وێرانکردنی دامەزراوە گرنگەکان خۆیان بە دوور بگرن. هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆشحاڵی خۆی نیشاندداوە بەو هەوڵانەی کە بە ئامانجی سازکردنی گفتوگۆ لە نێوان حکوومەت و گەلی عێراق بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پەیوەست بە باشکردنی ڕەوشی ئابووری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان خراونەتەگەڕ.

فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 17 خۆپیشاندەر دەرکرا

هەر دوێنێ دادگای لێکۆڵینەوەی ناوەندیی لە بەغدا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ17 خۆپیشاندەر لە پارێزگای میسان باشووری عێراق دەرکرد، بەتۆمەتی کوشتنی سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی و برایەکی لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو. ڕۆژی 25ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، خۆپیشاندەران گەمارۆی بارەگایەکی "عەسائیب ئەهلی حەق"یان لە شاری عەمارە ناوەندی پارێزگای میسان دا، کە لەلایەن قەیس خەزعەلی سەرۆکایەتی دەکرێت و بەرپرسی بارەگاکە، وسام عەلیاوی و برایەکی، عیسام عەلیاویان کوشت. بەپێی فەرمانی دەستگیرکردنەکە کە لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی ناوەندیی لە بەغداوە دەرچووە و ئاڕاستەی هێزەکانی پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە کراوە، تیایدا 17 کەس کە دانیشتووی شاری عەمارە ناوەندی پارێزگای میسانن، بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبارکراون. بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی "هەرکەسێک بە ئەنقەست کەسێک بکوژێت بە لەسێدارەدان سزادەدرێت.

جێی باسە ئەو خۆپیشاندانەی کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە دژبە حکوومەت لە شاری بەغدا پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجام دەدرێن دریژەیان هەبە، پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی بااڵی مافەکانی مرۆڤیش لە عێراق، لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا 492 کەس کوژراون و 17 هەزار کەسیش لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوونە.

د. چواس: هەموو ئەگەرەکان بۆ ڕووداوەکانی ئێستای عێراق کراوەن



دوو مانگ زیاترە خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق و بەغدای پایتەختی عێراق بەردەواميیان هەیە و دوای دەستەلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانیش هێشتا خۆپیشاندەران سوورن لەسەر داواکارییەکانیان، مامۆستایەکی زانکۆش پێی وایە، هاووڵاتیان کۆی سیستەمی سیاسیی عێراق ڕەتدەکەنەوە و هەموو ئەگەرێکیش کراوەیە چی ڕووبدات.

دکتۆر چواس حەسەن، مامۆستای زانکۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: خۆپیشاندانەکانی عێراق لە دژی کەسێکی دیاریکراو نین تا بە لابردنی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بێت، بە پێچەوانەوە لەنێو هەموو سەرۆکوەزیرەکانی عێراقدا عادل عەبدولمەهدی باشترین سەرۆکوەزیری عێراق بووە، بەڵکوو خۆپیشاندانەکانی عێراق دژی کۆی سیستەمی عێراقن، ئەو سیستەمەی دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق هاتووەتە ئاراوە، لای عێراقییەکان ڕەسیدی نەماوە، لەبەر ئەوەش هاووڵاتیان باشترینەکەشیان قبووڵ نییە چ جای بگاتە خراپەکەیان، واتە ئەوەی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، باشترین سەرۆکوەزیری عێراق بووە، ئەوانەی ماون کەسیان لە عادل عەبدولمەهدی باشتر نین.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەشڵێت: کەسێک ببێتە سەرۆکوەزیری عێراق، کە لای هاووڵاتیان پێشتر تاقی کراوەتەوە و دیارە سەر بە کێیە و چۆنە، کێشەی ئێستای عێراقیش بە سەرۆکوەزیرانێک و فەرماندەیەکی سەربازی چارەسەر نابێت، لەبەر ئەوەش بە دەستەلەکارکێشانەوەی هیچ بەرپرسێک، کێشەکان کۆتاییان نایەت. پەیوەست بەوەی چاوەڕێ دەکرێت لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سەرۆکوەزیران دیاری بکرێت، دکتۆر چواس حەسەن گوتی: ئەمە بەلاڕێدابردنی پرسی دانانی سەرۆکوەزیرانە بە هۆی بێپلانییەوە، تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕازیکردنی دڵی خۆپیشاندەران، ئەگینا خۆپیشاندەران بە هیچ سیستەمێک ڕازی نین، ئایا بە چ ئالیەتێک خۆپیشاندەران سەرۆکوەزیران دیاری دەکەن؟

حەسەن جەختی کردەوە: ڕەوشی عێراق گەیشتووەتە ئاستێک، ڕەتکردنەوەی هاووڵاتی بۆ دەسەڵات، ڕەتکردنەوەی هەموویەتی و بە هیچ ڕازی نین لەو دەسەڵاتەی هەیە. دەشڵێت: کۆی پرۆسەی سیاسی ڕەتدەکرێتەوە، ئینجا شەڕ ڕووەدات یان دەستوەردانی دەرەکی دەبێت، هەرچی دەبێت لای خەڵکی ناڕازی کێشە نییە. لەبارەی داهاتووی ئاڵۆزییەکانی عێراقەوە، دکتۆر چواس حەسەن ئاماژەی دا: ئەمە قورسترین پرسیارە بۆ هەموو کەسێک لە سیاسییەکان و چاودێران، هەتا ئەو هاووڵاتیەی بەرد دەهاوێژێت، هیچ چارەسەرێکی پێ نییە، یەکەم پرۆژە و پلانی خۆپیشاندەران، گۆڕینی دەسەڵاتە و ئەگەرەکان کراوەن چی ڕوو دەدات لە عێراق، هەتا ئێستا کێ پێشبینی دەکرد ڕەوشی ئێستای عێراق دوو مانگ دەخایەنێت، نوخبەیەکی عەلمانی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە خەریکن سەرکردایەتی ڕەوشی عێراق دەکەن، بەڵام ئایا ئەو دەستەیە لای شیعە ئایینییەکان قبووڵ دەکرێن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دیار نییە.



بارەگایەکی حەشدی شەعبی ئاگری تێبەربوو

دوێنێ شەمە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، ئاگرێک لە بارەگایەکی حەشدی شەعبی کەوتۆتەوە و تیمەکانی بەرگری شارستانی توانیویانە ئاگرکە کۆنترۆڵ بکەن. سەرچاوەکە بە سۆمەرییە نیوزی ڕاگەیاندووە: ئاگرێک لەکەرەفانەکانی نێو بارەگای حەشدی شەعبی (کەتیبەکانی ئیمام عەلی) لە فڕۆکەخانەی بن فرناس لە باکووری بەعقوبە لە دیالە کەوتۆتەوە و زەرەرو زیانێکی ماددی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە. گوتیشی: دوای ڕووداوەکە تیمەکانی بەرگری شارستانی توانیویانە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن و هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەشیان بۆ شۆرتی کارەبا گەڕاندۆتەوە.

هەولێر.. کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا

لە کۆنفرانسێکدا کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا. بە ئامادەبوونی دادوەران، یاساناسان و ژمارەیک ڕۆژنامەنووس، ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوی NEDی ئەمەریکی، گفتوگۆیەکی کراوەی لە ژێر ناونیشانی "ڕاستییەکانی سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی و چۆنییەتی پەرەپیدانی" ڕێکخست. سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا پێشەوا حسامەدین ڕایگەیاند: گفتوگۆیەکی کراوەمان ڕێکخستووە بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی تۆێژینەوەیە لەبارەی ڕاستییەکانی سیستمی دادوەری لە کوردستان و دەمانەوێت کەموکوڕییەکانی دیاری بکەین، بۆئەوەی کاری لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێت.

پێشەوا حیسامەدین گوتیشی ئەو گفتوگۆیە بۆ لێکۆڵەرانی دادی ئامادەکراوە، کە پسپۆڕانی یاسایی و مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنووسانیش تێیدا بەشدارن، هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامیان دەدەین بۆ دەستنیشان کردن و چارەسەر کردنی ئەو کۆسپانەی بەردەم پرۆسەی دادوەرییە لە هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی دیکەی بەدوادا دێت، لە کۆتاییدا لەگەڵ حکوومەت و پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکەین و دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ دیاریکردنی نەخشەڕێیەکی گونجاو بۆ کاری یاسایی لە کوردستاندا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/12/15 ژمارە (5892)
خەبات

نەرویژ.. رێوڕەسمی 22هەمین ساڵوەگەڕی پێنج شەهیدی بنەماڵەی بێجانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو



نەرویژ- ساسان دەرویش

لەلایەن بنەماڵەی شەهیدی فەرماندە عەبدولواحید سەلیم تەها بێجانی لە لێژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ لە سنووری لێژنەی ناوچەی نەرویژی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەراسیمێکی شایستە بۆ 22 هەمین ساڵوەگەڕی پێنج شەهیدی نەمری دەڤەرەکەیان ڕێکخرا، شەهیدانی سەربەرز و نەمر عەبدولواحید سەلیم تەها و محەمەد حاجی و نادر زێبار ئەحمەد و محەمەد فەتاح و فەرەج زێبار ئەحمەد، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردی و کەسایەتی ناسراو نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و کەسوکاری بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوەچوو.

سەرەتا لەلایەن پێشکەشکاران عەبدولڕەزاق و سەلیم تەها بەخێرهاتنی ئامادەبوانیان کردو دواتر بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب بەخولەکێک وەستان و ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی بەرزە فڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان دەستیپێکرد، هەروەها تەها بێجانی بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ بەناوی بنەماڵەی هەر پێنج شەهیدی قارەمان و سەربەرز کە 22 ساڵ لەمەوبەر لە ئەرکی پارستنی خاک و گەلی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد، وتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا گوتی ئەمە وەفایەکی بچووکە بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی شەهیدانی دەڤەرەکەمان و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان کە هەمیشە یاد و بیرەوەری و خزمەتکردنیان بۆ پاراستنی خاک و گەلی خۆیان بەرزڕابگرین و یادیان بکەینەوە و نەوەکانیان لە باوەشی گەرمان بکەین و لە بەشێکی تریشدا گوتی سوپاسی هەموو ئامادەبووان و کەسوکاری شەهیدان بە گشتی دەکەم کە پێکەوە یادی هەموویانمان بەرزڕاگرت، هەروەها وتاری لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ لەلایەن سالح ئەحمەد کارگێڕی لیژنە خوێندرایەوە تیایدا تیشکی خستە سەر بەرهەمی خوێنی شەهیدان و کاروانی نەبڕاوەی ئەو ڕێبازە پیرۆزەی پارتی و بارزانی کە هەمیشە گیانی خۆیان بۆ ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بەختکردووە و ئازادیی ئەمڕۆی کوردستانی لێ هاتووەتە بەرهەم کە بەدەستکەوتێکی گرنگ و میژوویی وەسفیکرد، پاشان لەلایەن ئامادەبووان چەند وتار و پەیڤی هاوسۆزی بۆ شەهیدان پێشکەشکران و لە کۆتاییشدا کوڕی شەهید عەبدولواحید و شەعبان نێروەیی و عەدنان موختار گوڵبژێرێک لە شیعرەکانیان کردە دیاری بۆ ڕێزگرتن و وەفاداریان بۆ شەهیدان و پێشمەرگە و کوردستان بەمەشێوەیە زۆر بەسەرکەوتوویی کۆتاییهات.

هەر لەمەیانەی مەراسیمەکەشدا دکتۆرە نزین بەرزەنجی بۆ خەبات گوتی: لە یادی شەهیدانی بنەماڵەی بێجانی و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان ئەم مەراسیمە ڕێکخرابوو بەتایبەتی لەلایەن تەها سەلیم بێجانی بۆ ئاسمان بێت، هەروەها عەدنان موختار لە ڕاگەیاندنی لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی گوتی: بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەری شەهیدان ئەرکی هەموومانە کە بۆ هەمیشە لە ویژدانماندا بژین و زیندوو بن کە ئەمڕۆی کوردستانیان بۆ کردینە دیاری و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزگرتن بێت لە کەسوکارییان کە سەرۆک بارزانی هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ڕێزگرتنەیان دەگرم بە تایبەتی کە خەلاتی هەموو کەسوکاری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیش کرا بە تایبەتی کوڕ و کچانی شەهیدان لەم مەراسیمەدا، خوێنی شەهید دروشمی جیاجیان دژبە دادگا گوتووە کە دواتر لە لایەن دادوەر، سادق عەبدولڕەحمان فەکی لە هۆڵی دادگا کرانە دەرەوە. هەر لەدانیشتنەکەدا، بە تۆمەتی گەندەڵیی دارایی و مامەڵەکردنی نایاسایی بە پارەی بیانی، سزای دوو ساڵ زیندانیکردنی بۆ سەرکۆماری لادراو، عومەر بەشیر دەرکرد. دوێنێ شەمە لە ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندا لە شاری خەرتووم، دانیشتنی دادگاییکردنی سەرکۆماری لادراو، عومەر بەشیر دەرکرا. لای خۆیەوە ئەندامی دەستەی پارێزەرانی بەرگریی، هاشم جەعلی گوتی: هەموو ئەو بەڵگانەمان پێشکەش بە دادگا کردووە کە بێ تاوانی عومەر بەشیر دەسەلێنێت، هەروەها ناوبراو دۆلار و پارەی لە هیچ کەسێک بۆ بەرژەوەندی خۆی وەرنەگرتووە. هاشم جەعلی ئاماژەی بەوەشکرد کە دادگاییکردنی عومەر بەشیر لە خراپترین ڕەوشی سیاسی بەڕێوەچوو کە کاریگەری لەسەر داپەڕوەریدا دروستکردووە.

جێی باسە لە 19ی ئابی ڕابردووە یەکەم دانیشتنەکانی تایبەت بە دادگاییکردنی عومەر بەشیر بە تۆمەتی گەندەڵیی دەستی پێکرد دوای ئەوەی حەوت ملیۆن دۆلار لە مالەکەیدا دوای لەکارلادانی لە دەسەلات دۆزرایەوە.

سوودان..

سزای دوو ساڵ زیندانیکردن بۆ عومەر بەشیر دەرکرا



واشنتۆن سزای ئەنقەرە دەدات

ئەنجوومەنی سینات پڕۆژە بڕیاری سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا پەسەند دەکات



لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی سیناتی ئەمەریکا پشتیوانی لە پڕۆژە یاسایەک کرد بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا بەهۆی هێرشەکانییەوە بۆ سەر باکووری سووریا و کڕینی سیستەمی بەرگریی مووشەکی ئێس 400ی ڕووسی، ئەمەش لە نوێترین هەنگاوی ئەنجوومەنی سیناتدا تاوەکو سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ ناچار بکەن هەڵوێستی تووندتری هەبێت بەرانبەر ئەنقەرە. بە گوێرەی دەنگی ئەمەریکا لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەر بە ئەنجوومەنی سیناتی ئەمەریکا کە کۆماریيەکان تیایدا بالادەستن بە 18 دەنگ بەرانبەر 4 دەنگ لە بەرژەوەندیی پێشنیارکردنی یاسایەک بۆ تووندکردنەوەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا و ڕێگە نەدان بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دەنگیاندا. سیناتۆری کۆماریيەکان جیم ریچ کە سەرۆکی لیژنەکەیە ڕایگەیاندووە: ئێستا کاتی ئەوەیە ئەنجوومەنی سینات یەک بگرێتەوە و ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی تورکیا.

هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی بە جینۆساید ناساند، پڕۆژە بڕیاری ژمارە S.Res.150 لە لایەن هەردوو سیناتۆر بۆب مێنیندێز لە دیموکرات و سیناتۆر تێد کروز لە کۆماریيەکان، خرایە بەردەم ئەنجوومەنی سینات و بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. لە بڕیارەکەدا هاتووە، مەزەندە دەکرێت 1.5 ملیۆن ئەرمەنی لە نێوان ساڵانی 1915 هەتا 1923 لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە کوژرابن. سیناتۆر بۆب مێنیندێز لە پاش پەسەندکردنی بڕیارەکە لەسەر تویتەرەکەی نووسی، ئەوەی لە ئەرمینیا ڕووی دا بێگومان جینۆسایدبووە و هیچ وشەیەکی دیکە نییە گوزارشتی لێ بکات.

ڕۆژنامەی فاینانشیال تایمز:

هەڵمەتی ئەردۆگان لە دژی بەرهەڵستکارانی کورد، ترس و دڵەراوکێ خستۆتە نێو دڵی دانیشتوانی ماردین

تا ئێستا 24 سەرۆک شارەوانی سەر بە هەدەپە لەکارەکانیان لادراون



ڕۆژنامەی فاینانشیال تایمزی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکیدا باسی لەوە هەڵمەتە پاکتاوییە سیاسییە کرد، کە حکوومەتەکەی حزبی دادو گەشەپێدان بە ڕێنمایی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە دژی ئەو کەسایەتییە سیاسییە کوردانە دەستیپێکردووە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

ڕۆژنامەکە دەڵێت؛ هەڵمەتەکەی سەرۆکی تورکیا، بەمەبەستی تووندتر دەست بەسەرداگرتنی حزبە بەرهەڵستکارە کوردەکانە لە وڵاتەکەیدا، لە ئاکامی ئەم هەڵمەتەشیدا کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەراوکێی لای خەڵک دروست کردووە.

دانیشتوانی شاری ماردینی دێرین لە بەهاری ڕابردوو بە سەرکەوتنی سیاسییەکی کوردی بەرهەڵستکار لە هەڵبژاردنەکان بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی بۆ جاری یەکەم لەم شارەدا سەرسام بوون، هەروەها دڵخۆشیی خۆیان بە گەڕانەوەی ئەحمەد تورک بۆ پۆستەکەی دەبڕی، کە پێش سێ ساڵ لادرابوو، حکوومەتی تورکیا کەسێکی دیکە نزیک لە خۆیانی لەشوێنی ناوبراو دانابوو. بەڵام هەر دوای هەشت مانگ ئەحمەد تورک و هەر پێنج سەرۆک شارەوانییەکانی دیکەش کە لەلایەن خەڵکی ماردین و دەوروبەرەکەی هەڵبژێردرابوون بە بیانووی پاڵپشتی کردنیان لە تیرۆر دوورخراونەتەوەو لە نێو گرتووخانەکاندا زیندانی کراون. ئێستا 24 سەرۆک شارەوانی لە کۆی 65 سەرۆک شارەوانی سەر بە پارتی گەلانی دیموکراتی کە لە مانگی ئاداری ڕابردوو لەسەرتاسەری تورکیا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، لادراون.

لە بازارێکی زێرینگەراندا لە ناوەڕاستی شارە میژوویيەکە، کەسێ لە بارەی ئەو کەشەی بالێی بەسەر شارەکە داگرتووە گوتوویەتی: هیچ بواریک بۆ قسەکردن لەسەر باس و خواسی سیاسی نەماوەتەوە، خەڵکەکە هەست بە ترس و تۆقاندن دەکەن.

لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی فاینانشیال تایمزی بەریتانی ئاماژە بەوە دەکات هەڵمەتەکەی ئەم دواییە تەواوکاری ئەو هەڵمەتەیە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا ماوەی سێ ساڵە لە دژی پارتی گەلانی دیموکرات کە بەرهەڵستکاری سەرەکیی حزبی دادوگەشەپێدانە لە ڕۆژهەڵاتی باکووری تورکیا کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، دوای هەڵمەتی سەربازی تورکیا بۆ هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا، هەڵمەتەکەی چڕتر کردووە.

حکوومەتی ئەنقەرە دەڵێت؛ حزبی گەلانی دیموکراتی پارەوپول و هاوکاری تر بۆ پاڵپشتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان کۆدەکاتەوە، کە حزبێکی قەدەغەکراوە لە نێو تورکیاو خراوەتە لیستی ڕەشەوە، ئەم حزبە ماوەی 35 ساڵە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەشەڕو ململانێ دایە.

لایەنگرانی هەدەپەش وایدەبینن حکوومەتی تورکیا مەبەستی دیکەی لە هەڵمەتی بە ئامانج گرتنی حزبەکەیانەوە، هەیە. لەمبارەیەوە یەکێ لە هاووڵاتیان گوتوویەتی کارەکە وەک ئەوە وایە تەنیا پیاوێک لە تورکیا هەبێت و بیەوێت خۆی بە تاکی تەنیا حوکمی گەلەکەی بکات.

ڕۆژنامەی فاینانشیال تایمزی بەریتانی لە بەردەوامی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت چاودێرانی نێودەوڵەتی وا پێناسەی هەڵمەتەکەی ئەردۆگان دەکەن کە هەندێ جار وا دەردەکەوێت لە دژی هەموو کوردێک بێت لە تورکیا، بەڵام واقیعەکە زۆر ئاڵۆزو تەماوی تڕە.

پارتی گەلانی دیموکراتیش لەلایەن خۆیەوە پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئەوان لە نێوپەرلەماندا بەرهەڵستکاری سەرەکیی هەڵمەتە سەربازییەکەی تورکیان کە لە ڕۆژی 9ی مانگی تشرینی یەکەم کردییە سەر ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا لە دژی وەستاونەتەوە، کراونەتە ئامانجی هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو تا ڕیزەکەی لەناوببەرن.

و: خالید گەردی
سەرچاوە: ئاژانسەکان

4500 وێنە لەخۆدەگرێ

دووەمین بەرگی ئەلبوومی پێشمەرگە بلاوکرایەوە



بەمەبەستی خستنەڕووی کاروچاکیەکانیان و ڕێزگرتن لە ئەرک و ماندووبوونی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە ئاماەبوونی کاکەمین نەجارِ سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێر لەمەراسیمێکی تایبەتدا دووەمین بەرگی ئەلبوومی پێشمەرگەی بلاوکردەوە کە پێکهاتبوو لە 4500 وێنەی فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە لەسەنگەرەکانی بەرگری و مەتەریزی شەڕەف وێنەیان گیرابوو. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بلند ئیسماعیل وێڕای دەستخۆشی گەرمی لەدەزگای سەنگەرو پێشمەرگە بۆ ئەو کارە پیرۆزەیان ڕۆڵی پێشمەرگەی لەبەرگری لەنیشتمان و نەتەوەکەمان بەرزنرخاند و گرتنی، پردی گوێڕ، وەک گەورەترین پردی عێراق، بەفەرمی کرایەوە، ئەوەش دوای نۆژەنکردنەوەی پردەکە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیانی بەرکەوتبوو. بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ دەڵێت: پردەکە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەپارێزرێت و بە هاوکاری و هەماهەنگیی میحوەری 6ی مەخمور- گوێڕی هێزی پێشمەرگە ی هەولێری پارتی و ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و فەرماندە سەربازییەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان و دەزگای سەنگەرو پێشمەرگە بە هەماهەنگی لقی 16ی هەولێر لەمەراسیمێکی تایبەتدا دووەمین بەرگی ئەلبوومی پێشمەرگەی بلاوکردەوە کە پێکهاتبوو لە 4500 وێنەی فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە لەسەنگەرەکانی بەرگری و مەتەریزی شەڕەف وێنەیان گیرابوو. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بلند ئیسماعیل وێڕای دەستخۆشی گەرمی لەدەزگای سەنگەرو پێشمەرگە بۆ ئەو کارە پیرۆزەیان ڕۆڵی پێشمەرگەی لەبەرگری لەنیشتمان و نەتەوەکەمان بەرزنرخاند و بێگومان ئەو مرۆڤانەیش کە ئامادەن گیانی خۆیان فیدای نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن شایستەی هەموو ڕێزلێنانێکن. دواتر پێشانگایەکی فۆتۆگرافی نمایشکراکە 500 وێنەی هەمەجۆری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی لەخۆگرتبوو.

پارێزگای هەولێر و مووسڵ و کەرکووک پێکەوە گرێدەدات

پردی گوێڕ بە فەرمی کرایەوە



پردی گوێڕ وەک گەورەترین پردی عێراق کرایەوە و بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕیش دەڵێ، پردی گوێڕ سێ پارێزگا بە یەکەوە دەبەستێتەوە و کاریگەری لەسەر بزاوتی بازرگانیی نێوان هەولێر و مووسڵ دەبێت. مەسعود نووری، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای سێ ساڵ لە کراوەتەوە و هاوواڵاتیان هاتوچۆی پێدا دەکەن. مەسعود نووری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: پردی گوێڕ هەر سێ پارێزگای هەولێر و مووسڵ و کەرکووک پێکەوە گرێ دەدات و لە ڕووی بارزگانییشەوە سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ ناوچەکە، چونکە ڕێگایەکی ستراتیژییە لە نێوان هەولێر و مووسڵ، دوای سەردانی پارێزگاری هەولێر بۆ گوێڕ بڕیاری کردنەوەی دراوە.

عەلی حسێن: ڕوئیای حزبی زەحمەتکێشان لە تەواوی پرسە چارەنووسسازەکانی گەلەکەماندا نەتەوەیین



بۆ پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن بەڵێن عەبدوللا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان و سەعد خالید جێگری سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی ئاراستەی سکرتێرو جێگری سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کرد بەهۆزەی سالیادی دامەزرانی حزبی زەحمەتکێشان، هاوکات ئومێدی خواست ئەم بۆنە ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و فراوانبوونی بواری هەماهەنگی و کارکردنی هاوبەش لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی دێموکراسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکان تەئکیدی کردەوە لەئێستاو لە ڕابردوو بەشداریی کاریگەری حزبی زەحمەتکێشان لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا جێگەی ڕێزو بایەخن، هاوکات ڕوئیای حزبی زەحمەتکێشانی لە هەمبەر هەموو پرسە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و تەواوی پرسە چارەنووسسازەکانی گەلەکەمان بەرز هەڵسەنگاند. لە بەرانبەردا بەڵێن عەبدوللا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان سوپاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد بۆ پاڵپشتی و هەماهەنگی و هەنگاوەکانی پەیوەندی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و تەواوی پارتەکانی تری کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکان، پاشان بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان تیشکی تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

هەولێر... سیستمێکی تازەی کامێرای چاودێری دادەنرێت

بەشی کامێرای چاودێریی هاتووچۆی هەولێر سیستمێکی تازەی کامێراکانی چاودێریان داناوە، کە لە یەک کاتدا دەتوانێت سێ جۆری سەرپێچی تۆمار بکات. فازل حاجی، وتەبێژی هاتووچۆی هەولێر، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەبارەی جۆری سەرپێچییەکان بڵاویکردەوە، یەکەمیان تۆمارکردنی سەرپێچی تێژڕۆییە بەر لە گەیشتن بە ترافیکلایت و دووەمیان تۆمارکردنی سەرپێچی لێدانە لە چرای سووری ترافیکلایت و سێهەمیان سەرپێچی تێژڕۆیی و لێدانە لە چرای سوور بەیەکەوە. فازل حاجی بڵاویکردەوە: لە ئێستادا وەکو تێست لە ترافیکی40 مەتری بەردەم هۆڵی سەعد عبدوللا دانراوە وە لەکاتی سەرکەوتنی سیستمەکە لە شوێنەکانی تریش پەیڕەو دەکرێت. دانانی ئەوسیستمە تازەیەش کاریگەری زۆری دەبێت لە کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی تێژڕۆیی کردن لەسەر ترافیک لایتەکان بۆ گەیشتن بە ترافیک بەر لە سووربونی.

ڕوونکردنەوەی وەزیری شارەوانی لەبارەی تاپۆکردن و خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان

ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تاپۆکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەو کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخانەی لە هەرێمی کوردستان دروستکراون، ڕایگەیاند: بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە کە جیاوازی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نەهێڵێت و وەک هەر گەڕەکێکی ناو شارەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە و گوندانەدا بکرێت و خزمەتگوزارییان لەلایەن شارەوانی بۆ دابین بکرێت و لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش هاوواڵاتیانی دانیشتووی ئەم شوێنانە سوودمەند دەبن کە نرخی خزمەتگوزارییەکانی ئێستا دەیدەن، کەم دەبێتەوە و هەمان کوالێتیی خزمەتیش بەردەوام دەبێت. سەبارەت بە تاپۆکردنی ئەو یەکەی نیشتەجێبانەش، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە لیژنەیەک بۆ پرسی تاپۆکردنی ئەو کۆمەڵگە و گوندانە پێکهاتووە و پرسی تاپۆکردنی یەکە نیشتەجێیەکانی ئەو کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخانە، یەکێکە لە بڕیارەکانی لیژنەی باڵای وەبەرهێنان و بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتی داد و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی پێکهاتووە بۆ ئەوەی پەلە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە بکەن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ هاوکارمان نازەنین ئەحمەد محەمەد

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خواليخۆشبێت بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووریش بە ئێوە ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

هەولێر... تیمەکانی بەفرڕامالێن چەندین ڕێگاوبان لە بەفر پاکدەکەنەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕوونیکردەوە: وێڕای چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی سنوری پارێزگای هەولێر، تیمەکانی بەفر ڕامالێن ڕۆژانە خەریکی پاککردنەوەی چەندین ڕێگای سەرەکین و لەڕۆژی 12/13 ڕێگای سەرەکی (شێروان مەزن- لێرێ- سێلکێ) یان پاککردەوە لەگەڵ پاککردنەوەی ڕێگای بناری سەفین و لۆفەکانی سولاوک- گەرۆتە و ڕێگای سەرەکی چۆمان- حاجی ئۆمەران و لێدانی خوێ بۆ سەر ئەو ڕێگا سەرەکیەو لەکاتی بەردەوام بوونی بەفر لەو ڕێگایە تیمەکانی کەرتی چوار ڕۆژانە ئەو ڕێگایە لە بەفر پاک دەکەنەوە تا ئاستەنگ بۆ هاموشۆکردنی هاووڵاتیان دروست نەبێت. جگەلەوە هەر لەلایەن تیمەکانی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبان خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانن وەک کۆتاییهاتنی برگەی بایندەرو تەواوکردنی چینی بایندەر لە مەفرقی ئەبوشیتەو ناو بازگەی کەپران لە ڕێگای سەرەکی هەولێر- گوێڕو کارکردن لە پڕۆژەی چاککردنەوەی خێرا بۆ چەند شوێنێکی جیاجیا لە جووت سایدی هەولێر- پیرمام بە درێژی 30 کیلۆ مەترو قیرتاوکردن و فەرشکردن بەچینی بایندەر لەڕێگای سەرەکی گۆمەسپان- سماقولی بە درێژی 17 کیلۆمەترو کارکردن بۆ چاککردنەوەی پردی ئاسنی و گۆڕینی فەرشی پلێتی شکاوی پردی ئاسنی شێخ توراب لەسەر ڕێگای ترانزێتی بەستۆرە- شێخ توراب و تەواو بوون و دانانی پردی ئاسنی ئازادی لەسەر ڕێگای سەرەکی چۆمان- حاجی ئۆمەران.

بارزان... ئایندەی لاوان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانج لە سیمینارێکدا



مسلم دۆلەمەری- بارزان: بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیداری و حزبی و ڕێکخراوەیی و لاوان لە سنوری ناحیەی مەزنێی سەر بە قەزای میرگەسوور، ناوەندی بالای میرگەسووری یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی لە ژێرناونیشانی (ئایندەی لاوان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانج) بۆ دکتۆر مەهدی ئەمین ستونی مامۆستا لە فاکەلتی یاساو زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سۆران سازکرد، لە سیمینارەکەدا ناوبراو بە تێروتەسەلی باسی لە ئایندەو چۆنیەتی هەوڵدان بۆگەیشتن بەئامانجەکانی هەڵبژاردنی ڕێگاکانی سەرکەوتنی لاوان کرد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی ژیان.

بازاڕەکانی کوردستان بە کەلوپەل و پێداویستی کوالیتی نزم تەنراوە

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم: بەپێی بڕیار و ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران کار دەکەین

پەدرافاتیح بەرزنجی

ڕۆژانە هاوواڵتیان گلەیی و گازاندەیان لە خراپی ئەو پێداویستیانە هەیە کەلەبازاڕەکاندا بەرچاو دەکەون و ئاماژە بۆ بازرگانانی خۆمالّی دەکەن کە ئەوان هۆکاری سەرەکین بۆ هێنانی کاڵای خراپ وکوالیتی نزم بۆ بازاڕەکانی کوردستان وئەو کاڵا خراپانە بازاڕەکانی کوردستان تەنیوەو کاڵای کوالیتی بەرزیش نرخەکەی گرانەو هەموو کەس توانای کڕینی ئەو کاڵایانەی نییەو وەزارەتی بازرگانی هەرێمیش لەپاڵن و بەرنامەیاندایە پڕۆلینی هەموو شوێنە بازرگانییەکان بکات.



بازرگانێک: کاڵای کوالیتی بەرز نرخەکەی زۆر گرانە

بارزان عوسمان خاوەنی کۆمپانیای فەرمان بۆ کەلوپەلی کارەبایی لە شەقامی کوران گوتی: ئێمە کە سەردانی وڵاتان دەکەین بۆ هێنانی کەلوپەلی کارەبایی سەرەتا بیر لە هێنای کەلوپەلی کوالیتی باش دەکەین، بەاڵم نرخەکەی کەمێک گرانەو هەرگیز بیرلە هێنانی کاڵای خراپ ناکەینەوە، گرنگیدان بەهێنانی کاڵای کوالیتی بەرز وەک ئینتیمای نیشتیمانی وایەو بازرگانی ڕاستەقینە هەرگیز بیر لە قازانجی زۆرو قۆرغکردنی بازاڕ نییەو هاونیشتیمانیان ئەو کاتە بەختەوەرن کە کاڵای کوالیتی بەرز لە بازاڕەکان بوونیان هەبێت.

وەزارەتی بازرگانی: پێویستە بازرگانان خۆیان هەوڵ بدەن کە کەلوپەلی کوالیتی نزم نەهێنن کوردستان

نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بۆ خەبات گوتی: لەپلان و بەرنامەی ئێمەدایە پڕۆلینی هەموو ئەو شوێنە بازرگانیانە بکەین بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان بتوانین ئەو کەل و پەلانەی کە لەبازاڕەکاندا هەیە کۆنترۆڵی بکەین و ئەو کەسانەی کەلە بازاڕەکان و سوپەر مارکێتەکان کار دەکەن خاوەنەکانیان لەنزیکەوە بناسین جگە لەوەش هەوڵ دەدەین کە سەردانی کۆمپانیاکان و بازرگانان بکەین و ئاگاداریان بکەینەوە هەر کۆمپانیایەک ئەگەر هاتوو مەوادی خراپ و کوالیتی نزم بهێنێ دووچاری لێپرسینەوە دەبێت چ مارکێت بێت چ بازرگان و کومپانیا بێت و هەموو ئەو شوێنە بازرگانییانە کۆنترۆڵ بکرێت ئەو کاتە دەزانرێت مەوادو کەلوپەلی خراپ لەلای کێ دێت، بەاڵم لە ئێستادا دیار نییە کاکە شوێن و کامە بازرگان و ژمارەی بازرگانان و کۆمپانیاکانی بازرگانیش ژمارەیان زۆرەو هەندێ بابەتیش لەشارەکانی دیکەی عێراقەو دێتە کوردستان ولە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمدا نییەو کوالیتی کۆنترۆڵی هەرێم پشکنینی نەکردووە بەاڵم ئەگەر هاتوو پڕۆلین کردن لە کوردستان دەست پێ بکات ئەوا دەتوانرێ بەشێوەیەکی چین دەکەن کە لەبازاڕەکاندا بەرچاو دەکەون بۆیە پێویستە هاووڵاتیان ئەوە بزانن کە ووڵاتی چین کاڵای کوالیتی زۆر بەرزیان هەیە بەاڵم نرخەکەی گرانەو بەداخەوە بۆ ئەو کۆمپانیاو ئەو بازرگانانەی کە هەوڵی هێنانی کەل و پەل و کاڵای خراپ دەدەن لەوانەیە نەناسراو بن و دیار نەبن و کاڵای خراپ دەهێننە کوردستان و لە شارەکانی ناوە ڕاست و خواروو عێراق کەل و پەل دەهێننە کوردستان بەشێوەی نایاسایی ئەوا دەبێ ئەوەیش کۆنترۆڵ بکەین ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم بەپێی بڕیارو ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ئەوانەی کە کاڵای خراپ بهێننە کوردستان ئەوا ئیجرائاتی یاساییان بەرامبەر دەکرێ و هەر کاتێک هاووڵاتیان گلەییان لەکەل و پەلی دوکاندارو بازرگانان هەبێت دەکرێ ئیجبار بکرێن کە چیتر کەل و پەلی خراپ نەهێنێتە کوردستان وهەر کاتێک زانرا کۆمپانیایەک مەوادی خراپی هێناوەتە ئەوکاتە ئەو مەوادانە دەستی بەسەردا دەگیرێت و لەناو دەبردرێت وهەوڵیش دراوە مەرزەکانیش توندو تۆڵتر بکرێت و بۆ چەندین جار لە مەرزەکان کەلوپەلی کوالیتی نزم گەڕێنراوەتەوە بۆووڵاتی ئێران لەبەر ئەوەی ئەو مەوادانە لە پشکنین دەرنەچوون گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێران و زۆرجار مەودا هاتۆتە کوردستان لە وانەیە لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان داخیل نەکرابن ولەسنوری دیکە داخیل کرابن پێویستە ئەوەش کۆنترۆڵ بکرێ و ئەوانەیشی کە لە هەرێمی کوردستانەوە داخیل دەکرێن ئەوە بەپرسیارەتی لە ئەستۆی وەزارەتی دارایی و گومرگەکان دەتوانن کار ی بۆ بکەن لەبەر ئەوەی ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەهەیەو پشکنینی کاڵاکان دەکەن و بریتین لە دوو کۆمپانیاو لەسنورەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و کاری ئەوانە و پێویستە ڕێگە نەدەن کە ئەو مەوادانەی کوالیتیان خراپە داخیلی کوردستان بن لەو حاڵەتە دوای پڕۆلین کردنی هەموو کۆمپانیاو شوێنە بازرگانییەکان ئینجا هەرچی کەل و پەل و کاڵای خراپ هەیە کۆنترۆڵ دەکرێت.



هەموو شتێک لەبارەی غودە دەرەقییەوە بزانە

د. ئەحمەد مستەفا میراودەلی: نابێت نەخۆش بترسێت، هەندێک جار شتێکی زۆر ئاساییە بە تایبەتی لە گەنجەکان و لە کاتی هەرزەکاریدا

2-2

دیمانە: حەمید سورچی

دکتۆر ئەحمەد مستەفا ئاغا میراودەلی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامە خەبات وردەکاری نەخۆشی غودە دەردق و هۆکار و چارەسەرییەکانی بەوردی باس دەکات و چۆنیەتی خۆپاراستن لەو نەخۆشییەش بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو:



دیارە هەست دەکەم گرێیەک لە ملم پەیدابووە هەست دەکەم ملم ئەستوور بووە، کە کاتێ نەخۆشەکە سەیری ئاوێنە دەکات یاخود دەڵێ هەست دەکەم هەناسەم تووند بووە خواردنم بە زەحمەت بۆ قووتدەچێ ، ئەمە لەبارى ئەستوربوونی نەخۆشیەکە کە دەبێتە گرێ یاخود لە کەم و زیادبوونی غودەکە یان هۆرمۆنەکە کە پێی دەڵێن غودەی سام (ژەهراوی بوون) واتا زیاد لە پێویست دەردانی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی دەبێتە هۆی ژەهراوی بوونی نەخۆشەکە، بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵێک نیشانەی بۆ دروست دەکات، یاخود تەمبەڵبوونی دەردانی غودەی دەرەقی یاخود لاوازبوون لە فەرمانی ئیشەکە، ئەمەش جۆرێک لە نەخۆشی دروست دەکات کە زۆر باوە پێی دەڵێن تەمبەڵبوونی غودە.

لە وەاڵم بەو پرسیارەی کاریگەری کەم دەردانی ڕێژنی دەرەقی (الغدە الدرقیە) لەسەر لەبیرچوونەوە (زەهایمەر) چییە؟ د. ئەحمەد مستەفا گوتی: یەکێک لە کارەکانی غودەی دەرەقی لەسەر کۆئەندامی دەمار کاردەکات لە غودەی سام (ژەهراوی) دا نەخۆشەکان زۆر نیگەران و نارەحەت دەکات ، بەاڵم لە غودەی تەمبەڵ کەم دەردان بە پێچەوانەوە کۆئەندامی دەمار سست دەکات توانای بیرکردنەوەی کەمتر دەبێت لەبیرچوونەوەی زیاتر دەبێت، ڕادەی هۆشیاری بۆ بەرامبەر کەمتر دەبێتەوەو توانای گوێگرتنی نامێنێت ، بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی سستبوونی فەرمانەکانی کۆئەندامی دەماریش.

لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەیش د. ئەحمەد گوتی: بەس سێ ڕێگا دەتوانین ئەم نەخۆشیە دەستنیشان بکەین، هەر لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو ئارەقەی زۆر و بێ تاقەتی و دڵەکوتێ و دابەزینی کێشی لەش و سەیری ملی نەخۆش دەکەین کە دەبینین گرێ پەیدابووە وەک کەلایەک لە کاتی قووتدانی ئاو و تف گرێیەکە هاتوچۆ دەکات.

د. ئەحمەد مستەفا گوتیشی: بۆماوەیی وەکو هەموو نەخۆشیەکانی تر کاریگەری هەیە لەسەر پەیدابوونی غودەی دەرەقی بەتایبەتی لە غودەی تەمبەڵدا، کە سەیردەکەین نەخۆشییەک هەیە لەناو جیناتی نەخۆشەکەدا یان خێزانەکەدا کە دەبێتە هۆی پوکانەوەی غودەی دەرەقی، لەباوکەوە یان لە دایکەوە هەندێکیان بۆ منداڵەکان دەگوازرێتەوە.

**لەوەاڵم بە کۆتا پرسیاری ئێمە کە ئایا ڕێنماییتان بۆ هاونیشتیمانیان چییە و چی بکەن باشە؟ د. ئەحمەد مستەفا میراودەلی گوتی: واباشە باسی پەیوندی نەخۆشی غودەی دەرەقی و ئافرەتی دووگیان بکەین کە زۆر گرنگە ئەم نەخۆشیە بە شێوەیەکی گشتی لە ئافرەتاندا دەردەکەوێت ، چونکە ئەم هۆرمۆنە یەکێکە لە فەرمانەکانی گەشەی زیادبوونی مرۆڤەکانە ، بە تایبەتی ئافرەت کە زۆربەی کاتەکان پێویستی بە هۆرمۆنی غودەی دەرقیە، بۆ نموونە بۆ ڕێکخستنی سوڕی مانگانەیان ، بۆ دروستبوونی هێلکەدانەکانیان ، لەکاتی منداڵبوون زۆر پێویستیان بەم غودەیە هەیە یان لەکاتی شیردان پێویستیان پێیەتی، ئەم نەخۆشیە زیاتر لە ئافرەتان دەردەکەوێت ، سەیردەکەین ئافرەتی دووگیان دەبینن لە کاتی دووگیانبوونداو غودەی سامی هەیە، دەچێت دەنکۆڵەکان بەکاردێنێت لێرەدا زۆر گرنگە کە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ دەکات، چونکە هەندێک لە دەنکۆڵەکانی غودەی سام، کە بەکاربدێنێت کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر کۆرپەلەکە کە دەبێتە هۆی پوکانەوەی غودەی دەرەقی کۆرپەلەکە، کە دەتوانین بڵێین تاماوە منداڵێکی ناکام دەردەچێت لەڕووی گەشە زۆر لاوازە و لەمندالێکی ئاسایی ناچێت، بیرکردنەوەی زۆر زۆر لاوازە، منداڵەکە لە قوتابخانە بە ئاسانی پڕۆلەکانی خوێندن نابڕێت لە قۆناغی سەرەتایی، کە پشکنینی منداڵەکە دەکرێت دەبینین غودەی زۆر لاوازە، بۆمان دەردەکەوێت کە دایکەکە لەکاتی دووگیانیدا دەنکۆڵەی غودەی سامی بەکارهێناوە ، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە غودەی تەمبەڵی هەیە دەبێت دایکەکە بەڕێکی دەنکۆڵەکان بەکاربهێنێت تاوەکو کاریگەری نەبێت لەسەر غودەی دەرەقی منداڵەکە ، ئەویش گەشە بکات لەکاتی ئەستوربوونی غودەی دەرەقی ، نابێت نەخۆش بترسێت، هەندێک جار شتێکی زۆر ئاساییە بە تایبەتی لە گەنجەکان لە کاتی هەرزەکاریدا چ لە ئافرەتان بە تایبەتی لەگەڵ پیاوانیش هەندێک هۆرمۆن پەیدا دەبێت لە بەشی پێشەوەی مل ئەمەش زیاد کاردەکات ، لەوحالەتەدا کە مرۆڤ گەشە دەکات یاخود باڵغ دەبێت پێویستیمان بە دەردانی ئەم هۆرمۆنەیە بۆ مەرزەکانیش تۆندو تۆڵتر بکرێت و بۆ چەندین جار لە مەرزەکان کەلوپەلی کوالیتی نزم گەڕێنراوەتەوە بۆووڵاتی ئێران لەبەر ئەوەی ئەو مەوادانە لە پشکنین دەرنەچوون گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێران و زۆرجار مەودا هاتۆتە کوردستان لە وانەیە لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان داخیل نەکرابن ولەسنوری دیکە داخیل کرابن پێویستە ئەوەش کۆنترۆڵ بکرێ و ئەوانەیشی کە لە هەرێمی کوردستانەوە داخیل دەکرێن ئەوە بەپرسیارەتی لە ئەستۆی وەزارەتی دارایی و گومرگەکان دەتوانن کار ی بۆ بکەن لەبەر ئەوەی ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەهەیەو پشکنینی کاڵاکان دەکەن و بریتین لە دوو کۆمپانیاو لەسنورەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و کاری ئەوانە و پێویستە ڕێگە نەدەن کە ئەو مەوادانەی کوالیتیان خراپە داخیلی کوردستان بن لەو حاڵەتە دوای پڕۆلین کردنی هەموو کۆمپانیاو شوێنە بازرگانییەکان ئینجا هەرچی کەل و پەل و کاڵای خراپ هەیە کۆنترۆڵ دەکرێت.

ئەخۆشەکان ئاگادار دەکەینەوە کە غودەی سام نەخۆشیەکی خراپ نییە، بە دەنکۆڵە چارەسەر دەکرێت

بە مەرجێک دەنکۆڵەکان بە شێوەیەکی ڕێک وەرگرێت ، لەهەمان کاتدا غودەی تەمبەڵ بوونیش هەر زۆر ئاسانە لەڕێگەی دەنکۆڵەوە چارەسەر دەکرێت ، زۆر بە دەگمەن ناچار دەبین نەشتەرگەری بکەین ئەگەر گرێ پەیدابوو گومانی خراپمان لێکرد ئەوکات پەنا دەبەینە بەر نەشتەرگەری، ئەگینا زۆر بە کەمی پێویستیان بە نەشتەرگەریە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/12/15 ژمارە (5892)
خەبات

د. فرانۆ ئیقیزاج شارەزای بواری پەروەردە لە ئەمەریکا بۆ «خەبات»:

بنەمای پەروەردەیەکی باش ئەوەیە کە دەبێ بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەیت پێگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ نەبینێ لە پڕۆسەی خوێندندا



خەبات: ڕۆشنا عەلی

فرانۆ ئیقیزاج خەڵکی وڵاتی ئەڵبانیایەو لە تەمەنی دەسااڵییەوە لە ئەمریکا نیشتە جێیە بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لە بواری پەروەردە لەوڵاتی ئەمریکا و لە زانکۆی وینستەیت لە دیترۆید بەدەستهێناوە، هاوکات وەک مامۆستا و یاریدەدەرو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارلە سااڵی 1983تا 2013بۆ ماوەی 33ساڵ کاری کردووە، وەک خۆی دەڵێت هاوکات وانەی بەوکەسانە وتۆتەوە کە زمانی یەکەمییان ئینگلیزی نەبووەو ویستویانە فێری زمانی ئینگلیزی ببن لەئەمریکا، فرانۆ لەساڵی 2018دوە لە کوردستانە، وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەریتانی نێودەوڵەتی دەستبەکار بووە و یەکێکە لەو دە شارەزایەی بواری پەروەردە کە وڵاتی مالیزیا لەساڵی 2015 بانگهێشتی کردووە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکەی، خاوەنی دوو کتێبە یەکێکیان بەزمانی ئینگلیزی و ئەوی تر بەزمانی ئەڵبانی، لاپەڕەی پەروەردەوخوێندن دیمانەیەکی تایبەتی لەسەر هەمان بوار لەگەڵ ناوبراو ئەنجامدا.

*** یەکێک بوون لەو دە شارەزایەی کە وڵاتی مالیزیا دەستنیشانی کردی بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکەی، بۆ ئەم کارە لە کوێوە دەستتان پێکرد؟**

ـ ڕاستە، ئەوان دوو کەسییان لە کەنەدا برد دووان لە ئەمەریکا دوو لە ئوسترالیا دوو لە لەندەن چەند شارەزایەکی تر کە بە مالیزیا ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانەی ڕاهێنانییان کردبوو کردی بە ڕاهێنەری ئەوانی دیکە بۆیە ئێمە بوینە ڕاهێنەرەکان.

*** چۆن هاتیتە کوردستان و بۆچی ئێرەت هەڵبژارد؟**

ـ کەسێک بەڕێوەبەری کۆمپانیای سیمایە بە ناوی کاک دڵشاد پەیوەندی پێوە کردم لەدوای هاتنم بانگهێشتی ڕێکخراوی aiaa کرد کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەمریکییە ئەوان ئیعترافییان بە نێودەوڵەتیبوونی قوتابخانەکەمان کرد بۆ ساڵێک وەزارەتی پەروەردەش دانپێدانانی نەکردبوو بۆ قوتابخانەکە بڕوانامەکانی قوتابیان ڕاستگیری بۆ نەدەکرا (تصدیق)نەدەکرا دوایی ئەوە پێمی گووت کە نامەوێ تەنها بۆ یەک ساڵ بێیتە قوتابخانەکە بەڵکو بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمەوێت بمێنیتەوە، وە من پێم ووت کە تۆڕینەوەکان وایان دەرخستووە کە سیستەمی خوێندن لە قوتابخانەیەک بگوازیتەوە پێویستی بە ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بیگەینیتە ئاستێکی تازە و نوێ، منیش حەزم لە کارەکە هەبوو نا لەبەر لایەنی مادییەکە، بەڵکو تەنها لەبەر گۆڕینی سیستەمی ئەکەمجارە وەزارەتی پەروەردە ڕاستگیری بۆ بڕوانامەکانمان دەکات دواتر ئێمە سیستەمی ئەمریکی و سیستەمی بەریتانی کە جیاوازە زۆربەی کوردەکان حەزیان لە سیستەمی بەریتانییە، پار 400 قوتابیمان هەبوو ئەمساڵ 700 قوتابیمان هەیە و هەردوو سیستەمەکە دەخوێنێن و هەردوو لە ئەمریکا وەزارەتی پەروەردە داوای لێکردم کە گوایە پێویستی بە کەسێکی شارەزا هەیە بۆ ئەوەی قوتابخانەکەی بۆ بەڕیوە ببات ئەویش زۆر سەرسام بوو بە زانیاری و شارەزایی من و لەدوای هاتنم کردم ئەنجومەنی دایبابانم دانا، زۆر گرنگە کە دایبابان لەگەڵ پڕۆسەی خوێندن دابن و هاوکار بن، منداڵی دایک و باوکێکم بەدەرێ کە گرنگی بە منداڵەکەیان ئەدەن منیش منداڵێکی سەرکەوتووت پێشکەش دەکەم، چونکە سێگۆشەی پەروەردە پێک دێت لە منداڵ دایباب مامۆستا ئەگەر منداڵەکە سەرکەوتوو نییە خەتای منداڵەکە نییە بەڵکو دایک و باوک و بەڕێوەبەرو مامۆستایە ئەگەر ئەم سێ پەیوەندییە بەهێز بێت منداڵەکە منداڵێکی سەرکەوتوو دەر دەردەچێت تۆڕینەوەکان دەریان خستووە کە مامۆستا بەلایەنی کەم دەبێت سااڵنە 25کاتژمێر پەیوەندی لەگەڵ دیک و باوک هەبێت جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان لەڕێگای تەلەفۆن و هۆکارەکانی گەیاندن بێت، هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرەکانیش کارێکی گرنگە، من پێشنیارم کردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە لە یاداشتێکی چەند خاڵی کە لە ڕێگای ئیمەیڵەوە داوای لێکردم کە گوایە پێویستی بە کەسێکی شارەزا هەیە بۆ ئەوەی قوتابخانەکەی بۆ بەڕیوە ببات ئەویش زۆر سەرسام بوو بە زانیاری و شارەزایی من و هەموومان بوینە دەکەس چوینە کوالالامپور دوو مانگی یەکەم هەر دەخەبیرەکە دانیشتین و پڕۆگرامێکمان دانا وهەر یەک لەو خەبیرانە بەپێی شارەزایی خۆی و کامە باشە لەسیستەمی وڵاتەکەی بە گونجاندنی لەگەڵ وڵاتی مالیزیا دامانا بەمجۆرە بەرنامەیەکمان دارشت دواتر هەستاین بە ڕاهێنانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرکان لەگەڵ نوێنەرێک لە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانمان پێکردن ئەم پڕۆسەیە بە پڕۆسەی گواستنەوە ناونرا کە لە سیستەمە کۆنەکەوە بیهێنینە سەر سیستەمە نوێیەکە چەند نموونەیەکمان ئامادەکرد هەر نموونەیەک پێنج ڕۆژ ڕاهێنانمان بۆ کردن 25 ڕۆژو بۆماوەی 10کاتژمێر ڕۆژانە کارمان لەم نموونانەدا کرد دوای تەواکردنی هەرێک لە نموونەکان دەچووین بۆ ناو قوتابخانەکان لە شێوازی جێبەجێکردنی بەرنامەکە لێکۆڵینەوەمان دەکرد، واتە خولەکان بە هەردوو شێوەی تیۆری و کرداری کارمان بۆکرد قسەم لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان و کەس و کاریان دەکرد تا بزانم بەچ شێوەیەک جێبەجێی دەکەن بۆنموونە مالیزیا وڵاتێکی دەولەمەندە، بەڵام سیستەمی خوێندنییان زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سااڵنی پەنجاکان و شەستەکان بەڕێوەبەر وەک پاشا بوو تەنها بڕیاری دەرئەکرد ئەمە بەڕێوەبەر نییە بەڕێوەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ قوتابی و مامۆستاو کەس و کاریان لە پەیوەندی دابێت و قسە بکات هەربەڕێوەبەرێک بەمجۆرە لە پەیوەندی دابێت ڕاستەخۆ لەگەڵ کەس و کاری قوتابی و قوتابی تێکەڵ بێت بەرامبەرە بە دە بەڕێوەبەر کە تەنها کاری ئیدارە ئەکات لە ژووری خۆی، ئەم گواستنەوەیە زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام مالیزیا سی هەزار قوتابخانەی هەیە ئێمە بڕوامان وابوو کە پێنج ساڵ لە مالیزیا بمێنینەوە، بەڵام ئەم پڕۆگرامە تێچووییکی زۆری دەویست بۆیە ئێمە تەنها لە دوای ئەو سەد قوتابخانەیە کارەکەمان کۆتایی پێهێناو وەزارەتی پەروەردەی مالیزیا ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانەی ڕاهێنانییان کردبوو کردی بە ڕاهێنەری ئەوانی دیکە بۆیە ئێمە بوینە ڕاهێنەرەکان.

*** چۆن هاتیتە کوردستان و بۆچی ئێرەت هەڵبژارد؟**

ـ کەسێک بەڕێوەبەری کۆمپانیای سیمایە بە ناوی کاک دڵشاد پەیوەندی پێوە کردم

لە ئەمریکا لە قوتابخانەی گشتی یان تایبەتی نابێت کاروباری کەسی خۆت لە کاتی دەوام کردندا ئەنجام بدەیت، هەر کەسێک کاری کەسی ئەنجام بدات ئەوا لە کارەکەی دەردەکرێت بە پاساوی قۆستنەوەی کاتی کارکردن بۆ مەبەستی کەسی

خۆم سەردانی وەزارەتی پەروەردەم کردو ئامادەیی یارمەتی دانیانم بۆ دەربڕین بە بێ بەرامبەر، بەڵام یەکێکیان کێشەیەکی تایبەتی خۆی پێدام پێداچوونەوەی بۆ بکەم وتەنها سوپاسیان کردم و پەیوەندییان پێوە نەکردمەوە



منداڵی دایک و باوکێکم بەدەرێ کە گرنگی بە منداڵەکەیان ئەدەن منیش منداڵێکی سەرکەوتووت پێشکەش دەکەم

هەر بەڕێوەبەرێک ڕاستەخۆ لەگەڵ کەس و کاری قوتابی و قوتابی تێکەڵ بێت و پەیوەندی هەبێت بەرامبەرە بە دە بەڕێوەبەر کە تەنها کاری ئیدارە ئەکات لە ژووری خۆی

بەوەزارەتی پەروەردەم وت: ئەگەر ئێوە یارمەتی منداڵەکانتان نەدەن دواییی وەکو منیان لێدێ کە نەکوردی تێدەگەم و نە دەزانم بخوێنمەوە نە دەزانم بنووسم، ئەوان وتیان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان 3 سەعاتیان بۆ دانداوە بۆ خوێندنی کوردی

بە نیازین پەیمانگایەک بکەینەوە بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە هەم بۆ فێرکردنی زمان و هەم بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر شێوازی وانە وتنەوە

*** هەوڵتان داوە ئەم سیستمە لە قوتابخانەکەی خۆتان جێبەجێ بکەن؟**

ـ من بە وەزارەتی پەروەردەم گووت کە قوتابی کوردمان هەیە لە پۆلی 8و 9و 10کە زمانی کوردی نە دەزانێ بەڵام کورسی زۆر کەمە بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانەی کە کوردی نازانن بچنە پۆلی تایبەت بە خۆیان، ئەوان وتیان ئەوە ناکرێ چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو قوتابیانەی کە کوردی دەزانن دوا بکەون لە بابەتەکانی تر، منیش وتم ئەی چی بکەین وتیان دەبێ ئێوە مامۆستا بۆ ئەو قوتابیانە دابنێن، منیش وتم ئەوە ئەکاتە دوو ئەنجومەنی مامۆستا لە قوتابخانەکەدا، ئەوان وتیان ئەوە ئەکرێ بەڵام پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە بۆ مووچەی مامۆستاکان، منیش وتم ئەوە ئەوەندە گرنگ نییە ئەگەر ئێوە ئەو پارەیە دابین بکەن ئەوا ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەین، ئەوان وتیان ئەوە ئەکرێ بەڵام پێویستی بە ڕێکەوتنی ئەنجومەنی مامۆستایان هەیە، منیش وتم



بۆ دەبێت پێشوازیکردنمان لە ئیمانوێل ماکرۆن جیاوازبێت؟



یەحیا فایەق جاف

گەلی کورد هەمیشە بەرانبەر دۆستەکانی خۆی بەوەفا بووە و ڕێزی تایبەتی لێگرتوون، بەردەوام ڕێزی زۆری ئەوانەمان گرتووە، کە ڕێزیان لێگرتووین و لە ڕۆژە سەخت و ناخۆش و دژوارەکاندا هاوپشت و هاوکارمان بوونە، ئێمە لەوتەی هەین، تا ئەمڕۆ زۆر ناخۆشی و کارەساتمان بە دەست عێراق و ولاتانی چواردەورمانەوە چەشتووە و بینیووە، لە باشووری کوردستان گەلی کوردستان کارەسات نەما ڕووبەڕووی نەبێتەوە و بۆی نەخولقێندرێت!! چەک نەما لەسەر جەستەی میللەتەکەمان لەم بەشەی کوردستان تاقی نەکرێتەوە!! تووشی دەربەدەری و ماڵوێرانی و زیندەبەچاڵ و کیمیاباranیشیان کردین، ئەوەی ویستیان بە ئێمەیان کرد.

گۆڕانکاری هەرە گەورە لە باشووری کوردستان، دوای کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری 1991ڕووبدا، کاتێک ولاتی فەرەنسا پێشنیاری بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد، کە کورد لە ژێر هێڵی 36ناوچەی ئارامی بۆ دروست بکرێت و لە جەبەرووتی ڕژێمە خوێنمژەکەی سەددامی دیکتاتۆر و دەوڵەتی عێراق بپارێزێت، ئەوەبوو ئەم دەستپێشخەرییەی فەرەنسا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە پێشوازی لێکرا و لە 5ی نیسانی ساڵی 1991بڕیاری ژمارە 688ی ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچوو، کە تێیدا بە دەستپێشخەری فەرەنسا و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا، ناوچەی دژەفڕین لە کوردستان دروست کرا، ئەم بڕیارە، بڕیارێکی بوێرانە و مێژوویی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە هەڕەشە و دەست درێژییەکانی دەوڵەتی عێراق.

هەر لەو ساوە تا ئێستە فەرەنسا بۆ ئێمەی کورد گرنگترین وڵات بووە، بەداخەوە هەندێ کات نەمانتوانیووە وەکو پێویست ستایشی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی فەرەنسا بکەین، لەوانەیە لە هەندێ ڕووەوە ئێمە کەمتەرخەم بووبین، نابێت هیچ کات ئەوەمان بیر بچێت، کە فەرەنسا لە ساتە هەرە ناخۆشەکان دەرگا داخراوەکانی لەسەر گەلەکەمان کردووەتەوە، هاوشێوەی دوای خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر، بینیمان کە چۆن سەرۆکی فەرەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازی لە جەنابی کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی کرد و ئەو کۆتەی عێراق و هەندێک وڵات خستبوویانە سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن فەرەنساوە تێکشکێندرا.

بەڵێ.. پێویستە لەسەرمان وەکو گەلی کوردستان هەرکاتێک سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن سەردانی هەرێم و پایتەختی کوردستان هەولێری کرد (هەروەک لە بەرنامەیدا هەیە)، بە جوانترین شێوە پێشوازی لێ بکەین، جیا لە ڕووە سیاسییەکەی دەبێت پێشوازییەکە بکرێتە کەرنەڤاڵێکی جەماوەریش، تا لەم ڕێگایەوە دەستخۆشی و ستایشی خۆمان بگەیەنینە گەل و حکوومەتی فەرەنسا، بەرانبەر ئەو هەموو هەڵوێستە جوان و مرۆڤ دۆستانەی کە بەرانبەر گەلەکەمان پیشانیان داوە، پێویستە ئەو جێگایانەی سەرۆکی فەرەنسای پێدا تێپەڕدەبێت و لێی کۆدەبێتەوە بە جوانترین شێوە و وشەی سوپاسگوزاری بە زووبانی فەرەنسی بڕازێنرێتەوە و ڕاگەیاندنە کوردییەکانی خۆمان بایەخێکی زۆر بەم بابەتە بدەن و بیگەیەننە فەرەنسا، ئەمە ڕۆڵێکی ئیجابی و کاریگەری دەبێت بۆ داهاتووی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گەل و حکوومەتی فەرەنسا و ئەوروپاش..

بەڕای من پێویستە حکوومەتی هەرێم لەم ڕۆژەدا هەموان فەرمانبەر، پۆلیس، قوتابی، هاوواڵتی، کاسبکار، بێنێتە پێشوازی سەرۆکی فەرەنسا و بە ئاڵای کوردستان و فەرەنساوە هەمووان پێشوازی لە سەرۆک ماکرۆن بکەین، ئەمە بچووکترین سوپاسگوزاری ئێمە دەبێت بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەی وڵاتی فەرەنسا و حکوومەتەکەی بەرانبەر بە گەلەکەمان لە ڕابردوو هەیانبووە.

پارەپێدانا نێڤ دەولی بو هەرێما کوردستانێ یا گرنگە



سەردار شاکر سلێمانەی*



تێگەهەکێ گرنگ هەیە دناڤ گوڕپانا ئابووری دا لێ ژبەر نە دیارکرن و نە دانە نیاسینا ڤی تێگەهی بزمانێ کوردی دبێت تێگەهشتن و زانیارییێن مە لسەر کێم بن ئەو ژی تێگەهێ پارەپێدانا نیڤ دەولی یە یان ژی دبێژنێ International Finance) پێکهاتیە ژ دوو پەیڤان ئەو ژی (Finance) مەرەم ژێ ئەوە دابینکرنا ژێدەرێن دارایی بۆ پرکرنا خەرجیاتیێن هەیی و یێن سەروەت و سامانی لدوڤ هندەک مەرجێن دیار مینا (بها و وەختی) و ئەڤ تێگەهە دچەرخێ بیستێ دا گەلەک بەربەلاڤ بویە ,دیسان (International) ئەڤ تێگەهێ هەنێ ژی مەرەم ژێ کومەکا وەلاتانە و پشتی جەنگێ جیهانی یێ دوویی یێ بەربەلاڤ بویی ,لێ سیستەمێ نوی و یێ تازە یێ وەلاتان پشتی بدوماهیک هاتنا جەنگێ جیهانی یێ دوویی بویە ئەگەر گەلەک دەزگەهێن دارایی یێن نیڤ دەولی پەیدا بن مینا: سندوقا دراڤی یا نیڤ دەولی و بەنکا نیڤ دەولی یا دروستکرن و سەخبێرکرنا ئاڤاهیان. زێدەباری هندەک پەرتوک و قەکولین دەنە دیار کرن کو پارەپێدانا نیڤ دەولی ئەو لایێ پەیوەندییێن ئابووری یێن نیڤ دەولی یە گرێدایە ب دابینکرن و ڤەگوهاستنا سەروەت و سامانی دناڤبەرا وەلاتان دا و ئەڤە ژی لسەر گەلەک شێوە و ڕێکان مینا: ژرەخێ کەل و پەلان ڤە د ئابووریێ نیڤ دەولی دا ,ژ رەخێ دراڤی و دارایی ,ژ رەخێ وەبەرهێنانا بیانی یان یا ژدەرڤە بهەمی شێوەییێن خوەڤە ئەو ژی مینا (هنارتی و هاوردەیان ڤە چ یێن خزمەتی یان کەل و پەلان بن). هەلبەت ئەڤ تێگەهێ هە ژ تێگەهییێن گرنگە و هەمی وەلاتان پێدڤی یا پێ هەی و نەتنێ وەلاتێن پاشکەفتی و پێدڤیەکا هەری گرنگە بۆ وەلاتێن پاش ڤە مایی دا بکارن بڕیکا وێ ئاستێ گەشەکرن و وارایێ لدەف خوە زێدە بکن. هەژی یە بێژین پارەدارکرن یان پارەپێدانا نیڤ دەولی چالاکیەکە هێتە بڕیڤە برن ژلایێ دەزگەهییێن دارایی ڤە بگرە ژ بەنکان و ئاڤاهییێن دراڤی و وەبەرهێنان و هلگرتنێ ,و ژلایێ بازارێن دارایی و دەزگەهێن دارایی یێن نیڤ دەولی وەکی بانکێن نیڤ دەولی و ڕێکخراوییێن نیڤ دەولی یێن دی. و ئەڤ تێگەهە د سالییێن (1950) دا پتر بەربەلاڤ بویە و پتر دان و ستاندن دگەل بانکێن نیڤ دەولی هاتیە کرن و قەبارێ قەرێن نیڤ دەولی گەلەک زێدە بویە هەتا گەهشتیە ئاستێن زێدە بلند کو چ کەسان پێشتر ئاگەهە ژێ نە بویە ,و هەتا وەبەرهێنانا نیڤ دەولی ژی زێدە بویە. گەلەک ژێدەر دیار دکن لدوماهیا سالییێن پێنجیان دوو گەورینێن گرنگ د ڕێکخستنا پارەدارکرنێ دا پەیدا بوون ئەو ژی ئەو بەربەست بون یێن وەلاتێ بریتانیا سەپاندیں لسەر دان و ستاندنێ لسەر دراڤێ ئەستەر لینێ د کریارێن ژ دەرڤەیی دا کو بونە ئەگەر قەیران دناڤبەرا سالییێن (1955و 1957) دا پەیدا بون و ژبەر ڤی ئەگەری وەلاتێ بریتانیا دان و ستاندن د پارەدارکرنا بازرگانیا پاوندی دا قەدەغە کرن تنێ بازرگانیا وی وەلاتی نەبت ,و یا دوویێ ئەو ژی دەستپێکا گوهارتنا تەرازوویا پێدانێ یا ئەمریکی بو ژ بەرمایەی بۆ کێماتیێ ,و دیسان زێدەبون و بەلاڤ بونا زور یا دولارێ ئەمریکی ل ئوروپا و هندەک وەلاتێن دی ,و بویە ئەگەر گەلەک دەزگەهێن دارایی یێن نیڤ دەولی پەیدا بن مینا: سندوقا دراڤی یا نیڤ دەولی و بەنکا نیڤ دەولی یا دروستکرن و سەخبێرکرنا ئاڤاهیان. زێدەباری هندەک پەرتوک و قەکولین دەنە دیار کرن کو پارەپێدانا نیڤ دەولی ئەو لایێ پەیوەندییێن ئابووری یێن نیڤ دەولی یە گرێدایە ب دابینکرن و ڤەگوهاستنا سەروەت و سامانی دناڤبەرا وەلاتان دا و ئەڤە ژی لسەر گەلەک شێوە و ڕێکان مینا: ژرەخێ کەل و پەلان ڤە د ئابووریێ نیڤ دەولی دا ,ژ رەخێ دراڤی و دارایی ,ژ رەخێ وەبەرهێنانا بیانی یان یا ژدەرڤە بهەمی شێوەییێن خوەڤە ئەو ژی مینا (هنارتی و هاوردەیان ڤە چ یێن خزمەتی یان کەل و پەلان بن). هەلبەت ئەڤ تێگەهێ هە ژ تێگەهییێن گرنگە و هەمی وەلاتان پێدڤی یا پێ هەی و نەتنێ وەلاتێن پاشکەفتی و پێدڤیەکا هەری گرنگە بۆ وەلاتێن پاش ڤە مایی دا بکارن بڕیکا وێ ئاستێ گەشەکرن و وارایێ لدەف خوە زێدە بکن. هەژی یە بێژین پارەدارکرن یان پارەپێدانا نیڤ دەولی چالاکیەکە هێتە بڕیڤە برن ژلایێ دەزگەهییێن دارایی ڤە بگرە ژ بەنکان و ئاڤاهییێن دراڤی و وەبەرهێنان و هلگرتنێ ,و ژلایێ بازارێن دارایی و دەزگەهێن دارایی یێن نیڤ دەولی وەکی بانکێن نیڤ دەولی و ڕێکخراوییێن نیڤ دەولی یێن دی. و ئەڤ تێگەهە د سالییێن (1950) دا پتر بەربەلاڤ بویە و پتر دان و ستاندن دگەل بانکێن نیڤ دەولی هاتیە کرن و قەبارێ قەرێن نیڤ دەولی گەلەک زێدە بویە هەتا گەهشتیە ئاستێن زێدە بلند کو چ کەسان پێشتر ئاگەهە ژێ نە بویە ,و هەتا وەبەرهێنانا نیڤ دەولی ژی زێدە بویە. گەلەک ژێدەر دیار دکن لدوماهیا سالییێن پێنجیان دوو گەورینێن گرنگ د ڕێکخستنا پارەدارکرنێ دا پەیدا بوون ئەو ژی ئەو بەربەست بون یێن وەلاتێ بریتانیا سەپاندیں لسەر دان و ستاندنێ لسەر دراڤێ ئەستەر لینێ د کریارێن ژ دەرڤەیی دا کو بونە ئەگەر قەیران دناڤبەرا سالییێن (1955و 1957) دا پەیدا بون و ژبەر ڤی ئەگەری وەلاتێ بریتانیا دان و ستاندن د پارەدارکرنا بازرگانیا پاوندی دا قەدەغە کرن تنێ بازرگانیا وی وەلاتی نەبت ,و یا دوویێ ئەو ژی دەستپێکا گوهارتنا تەرازوویا پێدانێ یا ئەمریکی بو ژ بەرمایەی بۆ کێماتیێ ,و دیسان زێدەبون و بەلاڤ بونا زور یا دولارێ ئەمریکی ل ئوروپا و هندەک وەلاتێن دی ,و ئەڤە بونە ئەگەر دولارێ ئەمریکی رولەکێ گرنگ ئافراندی و بویە ئەگەر وەک یەکەیەکا نیڤ دەولی بهێتە بکارئینان د پارەپێدانا نیڤ دەولی دا. دیسان هندەک ڤەکولینێن دی دیار دکن ڤەلڤینا دناڤ بانکێن ئەمریکی دا پەیدابوی و بئاراستەیێ ڤەکرنا تایان رابوین ل ئوروپا و زێدەیا داخوازێ لسەر دولارێ ئەمریکی د کریارێن نیڤ دەولی دا هەتا گەهشتیە وی رادەیی بهێتە ناسکرن ب (دولارێ ئوروپی). هەروەسان ئازاد بونا بازرگانییێ دیسان ئەگەرەکێ دی یێ بهێز بۆ پارەدارکرنا نیڤ دەولی پەیدا ببت و دولار بزێدەی بهێتە بکارئینان دناڤا وەلاتان دا و باشترین نمونە ژی د سالا (1963)دا بتنێ ل نەهـ وەلاتێن ئوروپی (9.3) ملیار دولار دراڤێ ئەمریکی ژ دراڤێن بیانی بون لدەف وان. لێ دساڵێن نوتان دە زێدەهیەکا زور و یا بترس د قەبارێ بەنکێن نیڤ دەولی دا پەیدا بوو و ئەو ژی دیسان ژ ئەنجامێ راکرنا سنوردارکرنان لسەر تەڤگەرا زڤروکا سەرمایەی د گەلەک وەلاتان دا ,و بلند بونا بهایێ پەترولێ و هەلوەشانا ڕێکەفتنا بریتون وودز د سالا (1974) دا بنارمانجا ئاڤاکرنا پەیوەندییێن بهێز دناڤبەرا هەردوو بازارێن ئەمریکی و بازارێ ئوروپی یێ دراڤی و بتایبەتی ژی ڕێژا مفایی ,و زێدەکرنا قەبارێ قەران ژلایێ بازارێن ئوروپی یێن دراڤان. هەژیە یە بێژین گەلەک ڤەکولەران گرنگیا پارەپێدانا نیڤ دەولی کریە بۆ وەلاتێن پاشکەفتی ژبەر ڤان خالان هاوسەنگی دناڤبەرا دابینکرن و بەردەستکرنا دراڤی دگەل وەبەرهێنانێ پەیدا نابت ئەو ژی: بەتالی بهەمی جورێن خوەڤە ,هلگرتنا دراڤی دگەنجینەیان دە و بێ بەهر کرنا دەزگەهێن دارایی ژێ , خەرجکرنا بێ هزر یا دراڤێ بیانی ,بکارئینانا دراڤێ بیانی نەبژیرانە ,رەڤین ژ دانا باجێ, کێشانا دراڤی بۆ وەلاتێن بیانی بریکێن نە یاسای. لدوماهیێ مەرەم ژڤێ گوتارێ ئەو نی نە کۆ باشترین چارەسەری بۆ پارەدارکرنا نیڤ دەولی تنێ وەرگرتنا قەرانە ,لێ کێشانا سەرمایەیێ وەلاتێن بیانی باشترین ڕیکە ئەو ژی پشتی سەقامگیریا سیاسی لدەستپێکێ و پاشی سەقامگیریا ئابووری و دارایێ پەیدا ببت دا کومپانی و وەلاتێن بیانی بکارن وەبەرهێنان و دانا کاری یا سەرمایەیێ خوە لناڤا وەلاتێن هەژار بکاربینن و ئاراستەیێ گەشەکرنا ئابووری بگەهورن بۆ باشتر.

* مامۆستایێ زانکۆیا پولیتەکنیک دهوک.

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢٣١٤/ب/٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٠
داواکار: زرار عارب محمد و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: زیاد عارب محمد و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر - گەرەکی کوردستان- نزیك مزگەوتی جوامێر
ژمارەی مولك: (٧٩١/٤٥) کەرتی ٤٤ وارش
پێکهاتووەکان: خانووەکە پێکهاتووە لە سێ ژوور و دیوەخان و گەرماو تواڵێت لە خوارەوە وە لەسەرەوە پێکهاتووە لە ژوورێك و گەرما و تواڵێت.
ڕووبەر: ١٥٠ م٢
نیشتەجێ: زیاد عارب محمد- کرێ نادات
هاوبەشە لەکاتی فرۆشتندا دەرئەچم.
نرخی خەملاندن: ٧٦٥٠٠٠٠٠ - حەفتا و شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار
نرخی زەویەکە.
٨١٠٠٠٠٠ - هەشت ملیۆن و سەد هەزار دینار نرخی پێکهاتەکان
٨٤٦٠٠٠٠٠ هەشتاو چوار ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار گشتی زەوی بیناکە
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٣١٤/ب/٢٠١٩/٥ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ٥١٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١
جاردان
بۆ داواڵێکراو (علی حسن خدادوست)
کە ئاماژە بە داوای ژمارە ٥١٠/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (شهد صالح مصطفی) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بڕیاری داوە بە (تصدیق طلاق خارجی) لە نێوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (شهد صالح مصطفی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەڵالەتی داواکار بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعید صدیق
***
دادگای بەرایی خەبات
ژمارە: ١٣٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
جاردان
بۆ داواڵێکراو: همین مصطفی عبدالله
ئاماژە بەداوای ژمارە ١٣٩/ب/٢٠١٩ کە تایبەتە بەداواکار کاکە زیادسدین محمد کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تملیك) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی نیشەعاری موختاری قەزای خەبات گەرەکی هنجیروك، بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٧ بەپێ ڕاگەیاندنتان بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئاماەبوونی خودی خۆت یاخود بڕیکاردارتان لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دابینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٥ کات ژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی پاشملە و ئاشکراو دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا..
دادەر/ سمکۆ ڕۆستم سمین
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦٣/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١١٩٥٥/هەولێر - تایبەت) جۆری (مسیبوشی تاتیڤا) مۆدیل (٢٠٠٦) ڕەنگی (ڕەساسی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (حکمت سلیمان اسماعیل) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٩,٠٠٠,٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار).
دادەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١١١٩/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٩
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (فاخر مرعان محمد/
بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای
ڕەنج- سەرەرای کارەکەی)
داواکار (بنار محمد طاهر مصطفی) داوای ژمارە (١١١٩/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (فاخر مرعان محمد/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ڕەنج- سەرەرای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (هەولێر/ گوندی انگلیزی) لە ٢٠١٩/١٠/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەداوای نۆژەن و تێهەڵکێش لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٩) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤١١٩/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٢
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (شفان انور خضر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ریناز صمد سعید) داوای ژمارە (٤١١٩/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣١, بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ١٠٣٢
ژمارە: ١٩٨ (٢٠١٧/١٠٥٨)
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ض.د.٦ (انور رجب امین)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٧/١٠٥٨) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ١٠٣٧
ژمارە: ٢٠٤ (٢٠١٩/٦١)
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ع (ریفینك شاکر حسین)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٨) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) و (١/٦٣) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ١٠٢٩
ژمارە: ٢٠٠ (٢٠١٩/٨)
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ع (عدنان مجید محمد)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٨) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) و (١/٦٣) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٤)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٩٤٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پێستە) بۆ بەرهەم هێنانی پیستە و خوری/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (پێستە) بۆ بەرهەم هێنانی پیستە و خوری/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (خالص احمد حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٢٠٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (اقتباس) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری بەرووبوومە نەوتیەکان/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (اقتباس) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری بەرووبوومە نەوتیەکان/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوڤند عبدالله عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٠٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Vigilance Safety)
بۆ وشیاری و ڕاهێنانی سەلامەتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Vigilance Safety) بۆ وشیاری و ڕاهێنانی سەلامەتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ڕەوا جمعە مدی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Spectrum)
بۆ خزمەتگوزاری گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Spectrum) بۆ خزمەتگوزاری گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ڕەوا جمعە مدی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٢٣١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (HUCKLEBERRY)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (HUCKLEBERRY) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوران غازی سلمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٩١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Tronix System) بۆ شیکاری پێشکەوتوو و بازرگانی ئامێری ئەلیکترۆنی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Tronix System) بۆ شیکاری پێشکەوتوو و بازرگانی ئامێری ئەلیکترۆنی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (چاوان حکمت عبدالرحمن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٢٢١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (POWER TECHNICAL SOLUTION P.T.S) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (POWER TECHNICAL SOLUTION P.T.S) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد اکرام عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (POWER TECHNICAL SOLUTION P.T.S) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرهاد اکرام عزیز
ناونیشان/ هەولێر- مهندسین
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٥٥٣٥٥٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩١١٣
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FOUR LINES) بۆ دیزاینی ئەندازیاری/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/٢٠١٩/٣٥٣١
بەرواری/ ٢٠١٩/١٢/١٢
بۆ/ جاردانی کەل و پەلی گلّدراوە
ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٣٥٣١) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی خوارەوە کە بەبڕی (٣,٦٤٥,٠٠٠) ملیۆن) دینار قرساوە وە بەڵێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (اسماء ذنون محمد) کە بڕەکەی (٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دیناڕە. جا هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری دار/ ئاری فیصل دەباغ
هاوپێچ/ لیستی کەلوپەلەکان
١- کەلوپەل – ئامێرەکان/ جهازی کۆمپرێسەری هەوا ئۆتۆماتیک نرخی بەدینار/ ٦٥٠٠٠٠ هەزار دینار.
٢- جهازی کۆمیدنەر فحص عقل ئۆتوموبیل نرخی بەدینار/ ٢,٤٠٠,٠٠٠ دوو ملیون و چوار سەد هەزار دینار.
٣- t.v بچوك رەش حجم ١٤ نرخی بەدینار/ ٩٥٠٠٠ هەزار دینار.
٤- هارد کامیرا + ٣ کامیرا نرخی بەدینار/ ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار.
کۆی گشتی دەکاتە (٣,٦٤٥,٠٠٠) سێ ملیۆن و شەش سەدو چل و پێنج هەزار دینار بڕیە ئامادەبووان واژویان کرد.
***
پارێزگای هەڵەبجە
(١ pa-2019) کۆدی پرۆژە
کەمکردنەوەی نهێنی /بانگهێشتی (کراوە)
ژمارە:١
بەروار:٢٠١٩/١٢/١٢
بۆ پرۆژەی: (کڕین و دابین کرنی کەل و پەل وپێداویستی بۆ گشت قوتابخانەو خوێندنگاو باخچەی منالانی سنوری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە) پارێزگای هەڵەبجە بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە.جا هەربەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پارێزگای هەڵەبجە(کاروباری هونەری/ب. پرۆژەکان/فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەربەرامبەر (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر ،کڕێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
زانیاری:
١- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠١٩/١٢/١٦)دەست پێ دەکات لە کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی تا کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ.
٢- رۆژانی وەرگرتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠١٩/١٢/٢٩)کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ.
٣- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/١/٢)کاتژمێر (١٠)ی نیوەرۆ.
٤- ڕۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/١/٢)کات ژمێری (١٠:٣٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.
٦- ماوەی جێبەجێکردی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٠) سی (رۆژی رۆژمێری).
٧- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نیە بە کەمترین نرخ.
٨- ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەرواری داخستنی صندوقی تەندەر.
((مەرجەکانی بەشداری کردن))
١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لە لایەن وەزارەتی پلاندان، وە پێناسەی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانی هەبێت کە بەرواردەکەی بەسەر نەچووبێت..
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتمانییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمار بن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازگانی هەرێم.
٤- هیچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنرێت ٢٠١٩.
٦- بارمتەی یاسای بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بە پێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەرنامەی لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە(٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عیراق بەشی (١،٢) بێت.
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ١٩٧٥ / ب / ٢٠١٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩/١٢/١١
ئاگاداری
داوالەسەرکراو : اقبال محمد صالح شوێنی نیشتەجێبی ئێستات نادیارە .
لەسەر داوای داواکار : حمە صالح عزیز علی
ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١) بریاری دا لە داوای بەرایی ژمارە (١٩٧٥ / ب / ٢٠١٩) کە لەلایەن داواکار (حمە صالح عزیز علی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نایارە وەك لە ڕوونکردنەوە و ئاگادارکەرەوەی دادوەری لەبەر ئەوە بریاردرا بە دەست هەڵگرتن لە کۆگای ژمارە (ALF٢) دروست کراوە لەسەر مولکی ژمارە (١/١ کەرتی ٥هوانە) ڕادەست کردن و گەراندنەوەی بە چۆڵ کراوی بۆ (حمە صالح عزیز علی) بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ وە مافی نارازی و (اعتراض و تێهەڵچونەوە و پێداچونەوەی) هەیە لە ماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.
لەگەڵ ڕێزدا
دادوەر / کمال رضا احمد
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە : ٢٩٥٨ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ١١ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / محمد عزیز قادر ناونیشان : سلێمانی داوالەسەرکراو / خاتوون
روستمی ناونیشان: نادیارە
داواکار (محمد عزیز قادر) داوایەکی بە ژمارە (٢٩٥٨ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەو دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/١١/٢٣) بڕیاریدا بە (پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پێداچونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر / د. سردار علی عزیز
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٧٨/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٧/٢٣/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : نشوان عثمان حسن
ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٧٨/ش/٢٠١٩) ل رۆژا (٢٠١٩/٦/٢٧) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (بیان عصمت حسن) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو رۆژنامەیێت رۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ئێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باڕێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٥١٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (احمد عصمت رسول) ئێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٨ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (رنا سعد محمد) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا وهڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە ڕۆژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل رۆژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرفان احمد حسین
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Spectrum) بۆ خزمەتگوزاری گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (HUCKLEBERRY) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (اقتباس) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری بەرووبوومە نەوتیەکان/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (پێستە) بۆ بەرهەم هێنانی پیستە و خوری/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Vigilance Safety) بۆ وشیاری و ڕاهێنانی سەلامەتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Tronix System) بۆ شیکاری پێشکەوتوو و بازرگانی ئامێری ئەلیکترۆنی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

رێڤەبەریا پەروەردا قەزا ئاکرێ
پشکا خویەتی فەرمانبەران
ژمارە/ ٦١٣٣
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/١٢
ب/ هەلەی ناف
بەرێز (سیهاد جلال مولود) فەرمانبەرە ل سەر میلاکی رێڤەبەریا پەروەردا ئاکرێ ئافبری ل دامەزراندنێ هاتیە نڤیسین ب هەلە (حسن جلال مولود) ئەوچا هیڤی دارین ل رۆژنامێن وە بهێتە بەلاف کرن ئەگەر کەسەکێ نەرازیبون ل سەر هەبیت بۆ ئاگەهداری
خلیل قادر خان افدل / رێڤەبەر
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٠/ب/٢٠١٩
رێکەفت/٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (علی صالح علی) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکاران پارێزەران (عادل ابراهیم حسن وهشیار عبدالکریم احمد) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارێ وی لتە ماندیبونێت پارێزەری ددواییێت ژمارە (٢٠١٩/٣٠٩ و٢٠١٩/٣١٥ و٢٠١٩/٣١٧) بنگەهێ پولیسێن سمیل ئەفجا داوا (حادثة منضمة) کریە کوژمێ دیارکری دراپورتا شارەزای دادوەری یا روژا ٢٠١٩/١١/٢٧ کو دبیتە (٧٥٠٠٠٠٠) حەفت ملیون وبینج سەد هزار دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ کومەلگەها مەرینا ل روژا ٢٠١٩/١١/٢٨ بۆیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو روژنامەی ناوخویی روژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/١٢/١٩ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سەرسنك
ژمارە / ١٣٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/١٢/١١
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
بۆ / قەرزار : بیار شمال مصطفی
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نشتەجێ بونت بۆیە بەپێی ماده (٢٧) ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە رێی دوو رۆژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین کە مۆلکی ژمارە (٢٦/١٩) گەرەکی (مریبا/ئامێدیێ)هی تومارکراو بە ناوی ئیسوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٧٢٠٠٠٠٠) حەفت ملیون ودوو سەد هزار دینار لە جیاتی بری پارەی خاوەن قەرز (رێکخراوی سیقە بو دانی قەرزی بچووك) بە پێ ی ماددەی سەرەوە بریاردرا فرۆشتنەکەتان پێرابگەیەنین تاوەکو لە ماوەی (١٥/یازدە) رۆژ لە دوای رۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (١١٤٧٥٠٠٠) یازدە ملیون وچار سەد وحەفتێ وپێنج هزار دینار بە پێچەوانەوە مولەکەکە بە پێ ی یاسا بە ناوی کریار تۆمار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ژیهات صبحی تیلی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٦٠٥٤/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جارِدان
بۆ: داوالێکراو: سونر سیزایی چیتین کایا
ئامازە بە داوای ژمارە (٦٠٥٤/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (فیغان عبدالمجید سعدو) و داوالێکراو (سونر سیزایی چیتین کایا)، جۆری داوا (پەسندکردنی تەلاقنامەی دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی)یە، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (صلاح الدین-هەولێر) دادگا بڕیاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/صباح قادر کاملا
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢
جارِدان
بۆ داوالێکراو: میاسە غازی رمضان
ئامازە بە بەڵگەنامەی پێسپێری کە تایبەتە بە داواکار (سلطانه مصطفی طه) کە بابەتەکەی بریتییە لە (دەرهێنانی بەڵگەنامەی پێسپێری) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری قەزای خەبات گەرەکی (هنجیرۆك) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا لەبەروارى (٢٠١٩/١٢/١٢) بەپێ راگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لەجیاتی خۆت رەونانە بکەی لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە رێکاری یاسایی دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/مسعود سعید صدیق
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانی رووبەری (٦٣) م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٦٢) ك (١٠٣) بادێ/ زاویتە، بەمەبەستی دروست کردنی کۆشکی گەشتیاری بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری
***
بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی هۆبەی یاسایی — تۆمارکردنی یەکەمی هەولێر
ژمارە/٧٩٦٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
جاردان
بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر — تۆمارکردنی هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٨/١١٥٨٠ ك ٩٣ حصارۆك) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (محمد وهاب نصرالدین) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی مولکەکە خەملێندراوە بەبڕی ١١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ یازدە ملیار دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ١٥ پانزە رۆژ لەرۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنە کە لە بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ بۆ زانین کرِیار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن لەسەر کرِیارە.
ناوی خاوەن قەرز (المصرف العراقی للتجارة/ فرع اربیل)
ناوی خاوەن مولك قەرزار (محمد وهاب نصرالدین)
ژمارەی مولك (٨/١١٥٨٠ ك ٩٣ حصارۆك)
شوێنی مولك (گەرەکی حصارۆك)
رووبەری مولك (٩٤,٤١م٢ ٦ اولك ١٦ دونم)
جوری مولك (زەوی بەتال – مولکی تەواو)
هێور محمد احمد
بەرێوەبەری تۆمارکردنی
خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە: ٥٤٤٧/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگانامە
داواکار/ جلال جبار احمد
داوالەسەرکراو (جیهان محمد کمال)
داواکار (جلال جبار احمد) داوایەکی بەژمارە (٥٤٤٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/١١/٢٥) بریاریدا بە (پەسندکردنی طلاقی دەرەکی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پیاچوونەوەی بریارەکە لەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ صالح احمد عبدالله
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی بەشی یاسا
ژمارە: ٩٥٢٢
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٠
بریاری کوژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیا (٢٩٥٦)
دوابەدوای بریاری کارگێریەان ژمارە (٩٠٤٤) لە ٢٠١٩/١١/٢٥ کە تایبەتە بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەس) وە ئامازە بە کۆنووسی بریاری کۆمپانیا لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٨) کە تیایدا بریار دراوە بە: کۆتایی هێنان بە مامەڵەی پاکتاوکردن و کوژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەس).
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێان دراوە پاڵپشت بە ماددەی (١٧٧) لەیاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بریاری رەزامەندیاندا بە:
کوژانەوەی ناوی بارزگانی کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەس))
تا بەپێی ماددەی (٢٠٦) لە یاسای ئامازەپێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی سلیمانی
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٢٢/کەتن/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (شرین صبری ابراهیم) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٦ شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ١/ج/٤٥٦/أ ژ یاسا سزا و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریکا دوو روژنامێت ناڤخویی و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە: ١٩٣٤/ج/٢٠١٩/٢
رێکەفتی: ٢٠١٩/١١/٢٨
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (سردار رمضان ناصر) ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٢/ یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨)) دوسەیا ژمارە (١٩٣٤/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن لە رێڤەبەریا بەرهنگاربوونا تووندوتیژی دژی ئافرەتا ل پارێزگەها دهوکێ/ نڤیسینگەها نزارکێ ب ژمارە ٢٠١٩/٦٩ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە ٤٠٩/ج/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/٣
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (امین عمر یاسین) ڤێ دادگەهێ بڕیار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال دویڤ مادەێ ٢٨٩ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٤٠٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها ساختەکاری ب ژمارە ٢٠١٨/١٠٩ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و هەوە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤا ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١
***
اعلان
بناءا علی الدعوة الموجة من قبل کل من السید بیوار حاجي عبدالله وجهان عبدالله مصطفی والذي یحمل کل منهما نسبة (٣٣٪) من اسهم الشرکة الی السید سلیمان هفند یوسف المدیر المفوض للشرکة لانعقاد جلسة اجتماع شرکة نیوروشن للمقاولات والتجارة العامة في ٢٠١٩/١٢/٣١
***

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

ژمارە : 8581
رێکەوت: 2019/12/11

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (9)ی ساڵی 2019

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی پاڕەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (چاککردنەوەی دوو هێویلە (132/33/11) کەی ڤی بە قەبارەی (63/50/40MVA) لە جۆری ABB) وە (هێویلەی (132/11.5) کەی ڤی بە قەبارەی (25MVA) لە جۆری ABB) لە پارێزگای هەولێر جا هەر بەلێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەر و مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن :

1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی رێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (2) سالێ (2016) و رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
2-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
3- ماوەی چاککردنەوە (150) سەدو پەنجا رۆژی تەقویمیە لە دوای سپاردنی بەو کۆمپانیایەی کە بۆی دەردەچێت.
4- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی / پێبژاردنی رۆژانە = (گرژمەی گرێبەست / ماوەی رۆژەکانی گرێبەست) ×10٪ لە رێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان .

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12) مانگە.
6- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (5.000.000) پێنج ملیۆن دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).
7- 5٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
8- چاککردنەوەی هێویلەکان پێویستە بەپێ ی مواسەفاتی سکۆپی ناو تەندەر بێت .
9- کردنەوەی هێویلەکان و لەگەل ئەنجامدانی (ROUTINE TEST) لە کارگە بەپێ ی ستاندارتی (IEC) دەبێت .
10- دەست بەکاربوونی بەلێندەر بۆ چاککردنەوەی هێویلەکان دەست پێ دەکات لەدوای هەفتەیەك لە واژووکردنی گرێبەستی پرۆژەکە .
11- وەرگرتنی ئەم هێویلانە لە سایت کۆگا پەیوەست دەبێت بە پێشکەش کردنی راپۆرتی (SHOCK RECORDER) کە تایبەتە بە دڵنیابوون لە سەلامەتی و چۆنیەتی گواستنەوەی هێویلەکان لەلایەن بەلێندەر بە وەزارەتی کارەبا .
12- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
13- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
14- دەبێت کۆمپانیا لە پلە حەوت کەمتر نەبێت ئەگەر بەلێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.
15- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
16- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە رۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
17- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .
18- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
19- نرخی کرینی تەندەر (100,000) سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەرێتەوە.
20- ئەگەر بەهەر هۆیەك رۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواره دەبێتە دوا رۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
21- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لەرۆژی سێ شەممەیە کە دەکاتە رێکەوتی 2019/12/24 کاتژمێر (12) نیوەرۆ.

ئەندازیار
کمال محمد صالح
وەزیری کارەبا

کۆڤان 2019/12/8 هاجر

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213
www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/15 ژمارە (5892)
خەبات





عێراق و لوبنان ، دوو وێنەی یەک تابلۆ



سابیر حوسێن

ئەو دروشمانەی خۆپیشاندەران لە عێراق و لوبنان بەرزیان کردۆتەوە لە زۆربەیان نووسراوە، نا بۆ سیخوڕی ، نا بۆ تائیفیەت ، نا بۆ تیرۆر، نا بۆ ستەم و زۆرداری و خیانەت و گەندەڵی و پەراوێزخستن، بەڵێ بۆ مافی هاوڵاتیان ، بەڵێ بۆ چاکسازی سیاسی و ریفۆرمی ئاینی و بیمەی تەندروستی و دادپەروەری و ئازادی بیروڕا و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو ئەو دروشمانە لە دەستووری ئەو وڵاتانەشدا نووسراون، کەچی لە ئەرزی واقیع کاری پێناکرێ و رۆژ لە دوای رۆژ دۆخەکە خراپتر دەبێت، ئیدی ئەوە نازانرێ ئۆبالّی جێبەجێنەکردنی دەستوور لە ئەستۆی کێ دایە، حکوومەت یان هاوڵاتیان یان سیستەمی حوکمڕان...



خۆپیشاندەرانی نەسیحەتەکانی خامەنەئی ڕەتدەکەنەوە

بەحوکمی تێوەگلانی زۆرێک لە ئەجێنداکانی وڵاتان بە پاڵپشتیکردنی گرووپ و تائیفەی تایبەت، خۆپیشاندانی جەماوەری لە هەردوو وڵاتی لوبنان و عێراق، کە هەردووکیان لەژێر هەژمونی کۆماری ئیسلامی ئێراندان، وەعز و ئیرشادەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەتدەکەنەوە، لەم بارەوە ڕابەری باڵای شیعەی ئێران عەلی خامەنەئی ئەمەریکا و ئیسرائیل و سعودیای تۆمەتبار کردووە کە دەستیان لە پشتەوەی ئەو ناڕەزایەتیانەی عێراق و لوبناندا هەیە. بێگومان ئەم وتانەش لەو کاتە دێ، کە خۆپیشاندەران لە مەزهەبگەرایی هەڵگەڕاونەتەوە و تەنانەت لە شارە پیرۆزەکانیش هێرش دەکەنە سەر مالّی شیعە، دیارە لە دۆخێکی وادا ئارامی خامەنەئی کۆتایی هاتووە بۆیە داوای کردووە بە زەبری هێز ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە، چونکە خەریکە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بە زیانی ئێران دەشکێتەوە.لەم ڕوانگەوە خامەنەئی نامەی نهێنی ئاراستەی ملیشیاکانی شیعە کردووە تاوەکو بەهەر شێوازێک بێت کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکان بکەن.

تاران و ریاز بە ئەنقەست شەڕ دەکەن

ئەو خۆپیشاندانانەی لە عێراق و لوبنان بەرپا بوونە دەستی دەرەکی لەپشتەوە نییە و خۆڕسکە و بۆیە بەبێ جیاوازی هەموو لایەنەکانی بە سوننە و شیعەوە گرتۆتەوە، خۆپیشاندەرانی شیعە مەزهەب چەندین دروشمی دژ بە هێزە سیاسییە شیعەکان و تەنانەت ئێران بەرز کردۆتەوە، بۆیە سەرکردەکانی شیعە ئیسرائیل و ئەمەریکا تۆمەتبار دەکەن کە دەستیان لە پشتەوەی ئەو خۆپیشاندانانە هەیە. لەوڵاشەوە سعودیا گرنگی بەو خۆپیشاندانانە داوە، کە دیارە سعودیاش دژ بە ڕژێمی ئێرانە، بۆیە ئەو ئەگەڕەش بە دوور نەزانراوە، کە سعودیا دەستی لەپشتەوەی خۆپیشاندانەکانەوە بێت، بەڵام واقیعێک خۆی فەرز دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەمەریکا و ئێران و سعودیا بەرژەوەندیان لە عێراقدا هەیە، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوان ناکات بۆیە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی بە دوور دەزانرێ.

هێزی هەق، هێزی نەرمە

لە خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی لاوان و چین و تونژەکانی دیکە ،حەقیقەتێکی ڕووکەش هەیە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ. ئەویش ئەوەیە کە ئەم جۆرە خۆپیشاندان شۆڕشانە خۆیان پاڵپشتی لۆجستی خۆیان دەکەن و پێویستیان بە پڕوپاگەندە و پاڵپشتی هێزی سیاسی دەرەکی و ناوخۆیی نییە، چونکە لەخۆیدا سروشتی و لە خەمخۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەم ڕوانگەیەوە زۆرجار تاکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کەپێویستە ڕێککخرانی ئەو خۆپیشاندانانە متمانەی خۆیان نەدۆڕێنن و گرەوەکە تا سەر بەبەنەوە. ئەوانەی عاقڵمەندن و خودان فیکرن لە پشتەوەی خۆپیشاندانەکانەوە بیروڕاکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە و لەبارەی ئەمەشەوە دووپاتی دەکەنەوە، کاتێک تاکێک لەگەڵ مەرجەعیەتێکدا یان گرووپێکدا لاساری دەکات و لە ڕێگەی سوننەتی ئەو گرووپە لادەدات، ئەوە بەو مانایە دێت کە ئەو مەرجەعیەت و گرووپەی ئەو تاکە ئینتیمای بۆ هەیە پەروەردەکەی بە دروستی پێ نەگەیاندووە و نەیتوانیوە وەک پێویست پەروەردەی بکات. یان ئەوەتا خۆی لە کار بە فەرمایشتەکانی ئەخلاقی مەزهەبەکەی ناکات،کە بەو شێوەیەش بوو، ئیدی تاکەکە بە ئاسانی دەتوانێ سنوورەکان ببەزێنێ و ڕوو بکاتە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە. بەبێ گوێدانە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی فەوزا بەڕپا دەبێت.ئەو گەردەلوولەی لە عێراق و لوبنان هەڵیکردووە لە بنەمادا نەخشەیەکی گشتییە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بە پێی زەمەن و کاتی گونجاو بەسەر وڵاتانی دیکەش هەڵدەکات و ئەوانیش هەمان گەردەلوول دەیانگرێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو واقیعەش نمونە بە نەخشەی ڕێگا دەهێنینەوە کە سەرەتا بۆشی کۆڕ ڕایگەیاند بەناوی پرۆسەی ئاشتی لە فەلەستین و ئیسرائیل و هەروەها تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، کە ستراتیژیەتی ئەمەریکا خۆی بووە ئەمەش بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی و گشتی لە تەواوی ناوچەکە. ئیدی ئەو پیلانگێڕیەش لە دوای ڕووداوی 11ی سیبتەمبەر چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لەو ڕۆژە بە دواوە لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی جیهان شەرعیەت بە ئەمەریکا درا کە هێزی خۆی بڵاو بکاتەوە بە جیهان و دەست لە کاروباریان وەربدات بەتایبەتی لەو وڵاتە لاوازانەی گەرای ئیرهاب تێدا خێرا پەرەیان سەند. ئیدی هەر دەوڵەتێک لە فەرمانی ئەمەریکا یاخی بێت یان بەناوی تیرۆر یان بە خۆپیشاندانەکان و داواکردنی گۆڕانکاری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پاڵپشتی گرووپە چەکدارەکان دەکات و خواستی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە بەدی دەهێنێ.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپی ڕایگەیاند دیارکردنی ئایندەی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی ئەورووپا و بەریتانیا لەو کاتە تەواو نابێ کە جۆنسۆن دیاری کردووە .



ئەی ئێف پی :
مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوی ئەمەریکا هۆشداری دا لەوەی ئەگەر ئێران هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی لە عیراق ، ڕووبەڕووی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە دەبێتەوە .



تیلیگراف:
لە شاری بلانکنبۆرگی ئەڵمانیا تەقینەوەیەک لە بالەخانەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەست دا و 25کەسی دیکە بریندار بوون .



ڕۆیتەرز:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە هیچ ڕاپرسیەکی دیکە سەبارەت بە سەربەخۆیی سکۆتلەندا ئەنجام نادرێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەحمەد داود ئۆغلۆی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا پارتێکی نوێی بەناوی پارتی ئایندە ڕاگەیاند .




کەنالّی ئار تی :
سەرۆکی ئەرمینیا سوپاسی کۆنگرێسی ئەمەریکای کرد لە بەرامبەر دانانی بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان .

مەمەد ئەکتاش: یەڵماز گۆنای کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان بەجێشتووە

بڵاوبوونەوەی چوارەمین کتێبی نووسەر (د.کەیفی ئەحمەد)

لەو چەند رۆژەی رابردوودا و لە کۆتارۆژی فیستڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکوک لە مەراسیمێکی تایبەتدا کتێبی(پێکهاتە و ڕەوتی شانۆی شەقام) واژۆکراو بڵاوکرایەوە. .ئەم کتێبە دەبێتە دووەم کتێب لەسەر شانۆی شەقام بەری رەنج و مانووبوونی چەند سالێکی نووسەرە کەوتەبەر دیدی خوێنەران و نێو کتێبخانەی کوردی. کە لەسەر ئەرکی فیستڤاڵی پێنجەمی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی کەرکوک – خولی حوسێنی میسری، بەچاپگەیشتووە... (نەژاد نەجم) ئەرکی سەرپەرشتی چاپکردنی کتێبەکەی کردووە، (پ.ی.د.هاوژین سلێوە) پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە. (م. عادل زرار) دیزاینی بەرگی کتێبەکەی کردووە. (شەوقی ئەحمەد)، دیزاینی ناوەوەی کردووە.کتێبەکە لە چاپخانەی (رؤی للطباعە والنشر – العراق) چاپکراوە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێر ژمارە (90)ی سالی 2019 پێدراوە.بە تیراژ: 500دانە، پێوانەی (24*17)سم، لەدووتوێی (260)لاپەڕەدایە.







مەمەد ئەکتاش

تا:بەرهەم شێخ عزەدین

"مەمەد ئەکتاش" سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا و بەڕێوەبەری کۆمپانیای سینەمایی "میتۆس فیلم" سەبارەت بە فیلمی دیکۆمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" سەبارەت بەژیانی سینەماکاری هەرمانی کورد یەڵماز گۆنای لە دەرهێنانی)حوسێن تەباک(سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا کە لە دوازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی "سینەما حەقیقەت" نمایشکرا گوتی: ئەم فیلمە لەسەر ژیانی "یەڵماز گۆنای" باوکی سینەمای کوردییە کە ماوەی حەوت ساڵ کاتی خایاند تاکوو ئامادەبێت و زۆر خۆشحاڵم کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "سینەما حەقیقەت" پێشکەش کرا، سینەمای ئێران لە ئاستی دنیادا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و دەرفەتێکی باشە کە سینەماکارانی "یەڵماز گۆنای" بە باشی بناسن. گوتیشی: سینەمای ئێران بۆتە سینەمایەکی نێودەوڵەتی و ئێستاکە دۆستێکی باشی سینەمای کوردییە و پێشوازیی یەکجا زۆری سینەماکارانی ئێران بۆ بینینی فیلمی دیکۆمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" منی زۆر خۆشحاڵ کرد. سێ ساڵ پێش ئێستاش فیلمی سینەمایی "ڕەشبا" لە فێستیڤاڵی جیهانی. فیلمی فەجر نمایشکرا و ئەم هەنگاو و پەیوەندییانە زۆر دڵخۆشکەر و کاریگەن. ئەم بەرهەمهێنەر کوردە سەبارەت بە کاریگەریی "یەڵماز گۆنای" لەسەر سینەماکارانی ئێران و جیهان گوتی: لەگەڵ خوالێخۆشبوو "عەباس کیارۆستەمی". لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان"ی فەڕەنسا بە تیرووتەسەلی قسەمان کرد و ئەو بە منی گوت کە فیلمی سینەمایی "ئومید" لە دەرهێنانی "یەڵماز گۆنای" زۆر کاریگەریی لەسەر کردووە و هەروەها سینەماکارانی بەناوبانگی ئێرانی وەکوو "ئەمیر نادری" و "موحسین مەخملباف" کاریگەریی ئەم سینەماکارە کوردەیان بەسەردەوە دیارە و کەڵکیان لێوەرگرتووە.

گوتیشی: "یەڵماز گۆنای" یەکەمین دەرهێنەر بوو کە سینەمای کوردی بە دنیا ناساند، کاتێک کە ئێمە فیلمی دیکۆمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە"مان ساز دەکرد، "ئێلخاندرۆ گۆنسالیس ئینارێتۆ" Alejandro González Iñárritu. دەرهێنەری مەکسیکی فیلمی سینەمایی "بابێل" پێی گوتین کە یەکەمین جار کە فیلمی "یۆڵ"ی لە سینەماکانی مەکسیک بینیوە، بڕیاریداوە کە ببێتە دەرهێنەر. "مارتین ئیسکۆرسیزی" Martin Scorsese گوتی ئەگەر من پێش ئەوەی کە فیلمی "شۆفیری تاکسی"م Taxi Driverساز کرد، "یەڵماز گۆنای"م بناسیبایە، بە ڕوانینێکی دیکەوە ئەم فیلمەم ساز دەکرد. دەتوانم بڵێم "یەڵماز گۆنای" کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە و تا ئێستاش لە قوتابخانە سینەماییەکاندا بەرهەمە هەرمانەکانی ئەو وەکوو وانەی خوێندن دەگوترێتەوە. ئەم بەرهەمهێنەرە بەئەزموونە سەبارەت بە قۆناعی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" گوتی: من پلانی سەرەتایی سیناریۆی فیلمەکەم نووسی و پاشان بە "حوسێن تەباک"دا کە ئەوکات قوتابی "میشێل هانیکە" Michael Hanekeبوو و لە ئاکادیمیای ئەم سینەماکارە مەزنە سینەمای دەخوێند. من ئەو کاتەی کە دەستم بە کاری سینەما کرد زۆرم حەز لێبوو کە کارێک بۆ "یەڵماز گۆنای" بکەم. چونکە "یەڵماز گۆنای" لە سینەمای تورکیادا شۆڕشێکی ساز کرد و هەروەها دەستپێکی سینەمای کوردی بوو، وەکو دەرهێنەرێک لە دنیای ئیسلامدا بۆ یەکەمین جار لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" لە وڵاتی فەڕەنسا خەڵاتی گەورەی زێڕینی "چڵە خورمای" بەدەستهێنا. گوتیشی: تایبەتمەندیی هەرە گەورەی "یەڵماز گۆنای" ئەوە بوو کە ئەوکاتەی کە زیندانیدا بوو، لە بەندیخانەوە دیکۆپاژەکانی بۆ یارییدەدەرەکانی دەنارد و ئەوانیش فیلمی سینەمایی "یۆڵ"یان وێنەگرت و بەم شێوەیە دەرهێنانی بۆ ئەم بەرهەمە سینەماییە ئەنجامدا. ئەکتاش لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "یەڵماز گۆنای" فیلمەکانی بە شێوەیەک سازکردووە کە هەر نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیریی بکات خۆی و شوناسی خۆی تیایدا دەبینێتەوە. ئەم سینەماکارە کوردە بە هۆی ئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە ژیانی خۆی لەدەستدا. بەڕێوەبەریی کۆمپانیای سینەمایی "میتۆس فیلم"ی ئەڵمانی سەبارەت بە وتەکانی "میشائیل هانیکە" Michael Haneke و "کۆستا گاوراس" Costa-Gavras. سەبارەت بە کەسایەتی و پێگەی "یەڵماز گۆنای" گوتی: "یەڵماز گۆنای" ئەو کاتەی کە لە فەڕەنسا دەژیا لەگەڵ کۆمەڵێک دەرهێنەر لە سینەمای جیهان پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی هەبوو، کە یەکێک لەوانە "کۆستا گاوراس" بوو، "یەڵماز گۆنای" بەتەمابوو کە لە وڵاتی یۆنان فیلمێکی گەورە بەرهەمبێنێت و ئەم دەرهێنەرە ناوداراە یۆنانییەش بڕیاروابوو کە هاوکاریی بکات."کۆستا گاوراس" کاتێک کە باسی گۆنایی دەکرد تەنیا دەگریا، یەگجار زۆر هەڤاڵی یەکتریی بوون.

دووگیانی و دڵتێکهەلاتنی ئافرەتان





ئەحلام لە مێردەکەی جیانەبۆتەوە

دەربارەی دەنگۆی جیابوونەوەی گۆرانبێژی بەحرێنی ئەحلام لە موبارەک هاجری پالەوانی سعودی لە پێشبرکێ فۆرمۆلا ، تایبەت بە گۆڤاری زەهرەتولخەلیج ئاشکرای کرد، کەوا دەنگۆی جیابوونەوەمان لەگەڵ هاوسەرەکەم پروپاگەندەی ناحەزانەو پێشتریش ئەوانەی کەیفیان بە هونەرەکەم و سەرکەوتنەکانم نایەت درێغیان لەم جۆرە پروپاگەندە قێزەونانە نەکردووە، ئەحلام جەختی کردەوە کە ئێستا لەگەڵ موبارەک هاجری هاوسەری و منداڵەکانی لە گەشتی شاری پاریسن و پەیوەندیان زۆر نۆرماڵ و ئاساییە و خۆشەویستی نێوانیشیان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت.

بە گوێرەی زانیاریە تەندورستییەکان ئەم حالەتە تایبەتە بە ئافرەتانی دوو گیان و لە هەفتەی هەشتەم هەستی پێ دەکرێ. بە جۆرێک لەشی ئافرەت گۆڕانکاری فسیۆلۆجی زۆری پێوە دیارە لە ئەنجامی گۆڕانی هۆرمۆنەوە یەکێک لەو گۆڕانانە هێلکنج دان و ئیستفراقکردنە لە کاتی دووگیانیدا...ئەم ئیستفراقە ڕێگری دەکات لە چوونی هەر ماددەیەکی ژەهراوی بۆ ئەو ئەندامانەی کۆرپەلە کە لەو قۆناغە لە دروست بوونداە وەک جگەر،گەدە،ریخۆلە. ئەم پرۆسەیە هیچ کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆرپەلە نابێت....

هەولێر پاڵەوانێتی پێشبرکێی سوارچاکی بەڕێوەچوو



بەچاودێری لێژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستان، و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی ئەسپسواری کوردستان، پاڵەوانیەتی ئالا لە هەولێر بەڕێوەچوو ، کە تیایدا 15سوارچاک بەشداربیان تێداکردبوو.
دوای رکابەرییەکی بەهێز لەنێو بەشداربووانداا، ئەنجامەکانی پاڵەوانێتی سوارچاکی ئالا بەمشێوەی خوارەوەبوو:
ئەحمەد رەشاد میران پلەی یەکەم
مستەفا دزەیی پلەی دووەم
عەبدوڵلا هێمن پلەی سێیەم

باوکی نایمار: زوو یان درەنگ لەگەڵ بەرشلۆنە دەگەینە ڕێککەوتن

ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی لەزاری باوکی نایمارەوە دەیگوازێتەوە کە زوو یان درەنگ نیامار و بەرشلۆنە سەبارەت بە کێشەکەی دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ یانەی بەرسلۆنە دەگاتە ڕێککەوتن.
ئەو ڕۆژنامەیە لەزاری باوکی نایمارەوە دەڵێت: لەهەموو شتێک نازانم، بەڵام هیوادارم لەگەڵ بەرشلۆنە بکەوێتە ڕێککەوتن، نایمار دەیەوێت 3.5ملیۆن یورۆ لەبەرشلۆنە وەرگرێت، بەڵام ئەو یانە کەتالۆنییە رازی نییە ئەو بڕەپارەیە بدات، و چاوەڕێی دادگا دەکات، هەروەها ڕۆژنامەکە بڵاویکردۆتەوە کە ماوەیەکە باوکی نایمار بۆ ئەم مەبەستە لە بەرشلۆنەیە و پێی وایە کە پێویستە دادوەری لەو کێشەیە ڕێچکەی خۆی بگرێت.

ڕۆنالدۆ: دەمەوێت لە یاری کۆتایی ڕووبەڕووی ریال مەدرید ببمەوە



کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی یانەی یۆڤانتس، هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەگەری بەرکەوتنی تیپەکەی بەر تیپی پێشووی، ریال مەدرید، لە قۆناغی 16 خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئاشکرا کرد. ئەمەو یۆڤانتۆس وەکو یەکەمی کۆمەڵەی چوارەم سەرکەوتووە، لەوکاتەی ریال مەدرید، وەکو دووەمی کۆمەڵی یەکەم سەرکەوتووە. لە دوای یاری لیڤەرکوزن، لە دوایین گەڕی قۆناغی کۆمەڵەکان، لە ڕۆنالدۆیان پرسی، دەیەوێت ڕووبەڕووی ریال مەدرید ببێتەوە لە قۆناغی 16دا، ئەویش گوتی، نایەوێت ئێستا ڕووبەڕووی تیپەکەی پێشووی ببێتەوە. لە مبارەیەوە دۆن لێدوانی بۆ تۆڕی سکای سپۆرت دا و گوتی: نازانم، ئەستەمە ئەوە بڵێم، ریالییەکی ناوازەیە، بەڵام پێم باشە دواتر ڕووبەڕوویان ببمەوە، بۆ نموونە یاری کۆتایی.
ڕۆنالدۆ لە بارەی کێشەی لەگەڵ پێکانەکان وتی:من باشم، کێشەکانی جەستەییم لە رابردوو بوو، چەند هەفتەیەک بوو هەستم بە ئازار دەکرد لە ئەژنۆم، بەڵام ئەوە ڕەتبوو و ئێستا هەست دەکەم زۆر باشم. هەروەها وتی: گرنگترین شت ئەوەیە، تیپەکەم ئاست و ئەنجامەکانی باشە، بەرامبەر لیڤەرکوزن یارییەکی باشمان کرد، بەتایبەتی لە گێمی دووەمدا، ئێمە هەموومان بە خۆیشمەوە بەردو باشی دەچین، ئێستا لە سەر یاریگە متمانەی زیاترم بەخۆم هەیە.
ڕۆنالدۆ لە کۆتاییدا وتی: سێیانەی هێرشبەر لەگەڵ دیبالا و هیگواین؟ ئێمە کە بەیەکەوە یاری دەکەین، چێژ وەردەگرین، وا هەست دەکەم من لەگەڵیان باشترم، بەڵام بڕیار بەدەستی ڕاهێنەرە و ئێمەش دەبێت ڕێز لە بڕیارەکانی بگرین. شیاوی باسکردنە ڕۆژی دووشەمە 16مانگ، تیروپشکی قۆناغی 16خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا رادەکێشرێت، کە دوو تیپی یەک وڵات و یەک کۆمەڵە ناکەونە بەرامبەر یەکتری لەو قۆناغەدا.

ڕەمزی میرەکانی

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لەگەڵ شاندێکی یانەی قەڵای تورکمان کۆبووەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەمەبەستی بایەخ و گرنگیدان بەیانەی وەرزشی قەڵای تورکمان لەشاری هەولێر، شاندێکی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان سەردانی ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان کرد .
ڕۆژی 12/12/2019لەبارەگای ئەنجومەنی وەزیران شاندێکی کارگێڕی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان کەبریتی بوون لە نەجمەدین خەلیل سەرۆکی یانە، ئازاد ڕەشید ، مەهدی ئیبراهیم، سوداد ڕەئووف، خەسرەو عەلی ستافی دەستەی کارگێڕی ، سەردانی ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان کرد.
لەدیدارەکەدا وەزیری هەرێم وێرای بەخێرهاتنی وەفدی میوان، بەرێزیان هەموو ئامادەکارییەکی خۆیان بۆ یانەی قەڵای تورکمان دەربڕی، هەروەها ناوبراو ڕوونیکردەوە ئەوەی لەتوانایدا بێت بۆ هاوکاری وپاڵپشتی کردنی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان بەهیچ شێوەیەک دریغی ناکات ، لەبەرانبەردا دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان سوپاسی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەکان کرد و هیوایان خواست هەمیشە بەردەوام بن لەخزمەتکردنی هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگای کورد و تورکمانەکانی کوردستان.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.15. Dec. 2019 No: (5892)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پێویستە سینەمای سەربەخۆ لە کوردستان دروست ببێت

(MOM) نوێترین بەرهەمی دەرهێنەری لاو بڕیار بەختیارە





بەرهەم شێخ عزەدین

دەرهێنەری لاو بڕیار بەختیار دەربارەی نوێترین کاری هونەری خۆی بۆخەبات قسەی کردوو گوتی: نوێترین بەرهەمی من لە بواری سینەمادا دروستکردنی کورتەفیلمێکی دۆکیومێنتاریيە بەناوی (MOM) کە وەک دەرهێنەر کارم تێدا کردووە ،ماوەی کورتەفیلمەکە 12 خولەکە و لە شارۆچکەی پیرەمەگروونی سەر بەپارێزگای سلێمانی وێنەگیراوە .ناوەرۆکی فیلمەکە باس لە ژیانی منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات کە هەر لە دایکبوونیەوە هەردوو دەستی نیە ، بەڵام بێهیوا نەبووە لە ژیان و سەرقاڵی ژیانکردنە و خوێندکاری پۆلی دووەمی سەرەتاییە ،بڕیارزیاترگوتی: لە ئێستادا سەرجەم کارەکانی فیلمەکە تەواو بووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەنێرینە فیستیڤاڵە جیهانییەکان . بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە یەکەم پڕۆژەم دەبێت بۆ ساڵی 2020هەروەها لەپلانمدایە لەهەمان ساڵدا چەند کورتەفیلمێکی دیکەش دروست بکەم .داوامان لە هیچ لایەنێکی حکومی نەکردووە بۆ سپۆنسەر کردنی ئەم کارە ، چونکە پێم وایە پێویستە سینەمای سەربەخۆ دروست ببێت لە کوردستان ، ئەگەرچی پارە زۆر گرنگە لە سینەما، بەڵام ناکرێت کە پارەش نەبوو ئیتر بووەستین و هیچ بەرهەمێکمان نەبێت .

مەلک محەمەد محەمەدی... دەنگێکی بێناز



زۆرن ئەوانەی لە دنیادا تەمەنی گەنجی و پیریان بۆ خزمەتی بواریکی میلەتەکەیان و مرۆڤایەتی دەبەخشن و وەک کۆترێکی سەرگەردان بە بێ دەنگی سەردەنێنەوە ..مامۆستا و هونەرمەندی ڕەوانشاد (مەلک محەمەد محەمەدی) یەکێکە لەو بەخشندانەی کە تەمەنی خۆی بەخشی بە هونەرو کەلتووری کوردی و بەداخەوە ژمارەیەکی کەم نەبێت زۆربەی تەنانەت ئەو بوارەش ئاشنای نەبوون ...مامۆستا مەلک محەمەدی ساڵی 1943لە شاری هونەر شاری سنە لە دایک بووە ، خاوەنی ستایلێی هونەری تایبەت بە خۆی بووە ، زۆر گۆرانی کە هونەرمەندانی دی چریوپانە هی مامۆستا مەلک بووە .. خاوەنی ئاوازێکی پاک و هەستێکی ڕەسەنی کوردانە بوو ... لە ساڵی 2013بەبێ دەنگی وەک مرۆڤە پاکەکانی دنیا کۆچی دوایی کرد.

ڕێبوار هەورامی



خانەی ئاشتی ڕێز لە خوێنەران دەنێت



دۆستانی خوێندنەوە و وشە ،خانەی ئاشتی هەڵدەستێت بە بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنان لە کۆمەڵێک لە خوێنەر و دۆستانی وشە و کتێب، کە ساڵانێکی زۆرە وەکو وەفادارێکی نێو کایەی کتێب و خوێندنەوە لە کاروانی پیرۆزیان بەردەوامن. خانەی ئاشتی وەکو یەکەم خانە و لە سۆنگەی بەڕێزیارێتی بەرامبەر دۆستانی کتێب بە ئەرکی خۆی دەزانێت وەکو هاندان و ڕێزلێنان، کۆمەڵێک لە خوێنەرانی دێرین بەسەربکاتەوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێشکەش بکات بێگومان ئەمەش یەکەم هەنگاو و دوا هەنگاوی خانەکەمان نابێت و بەردەوامی دەبێت

دووشەم ١٦-١٢-٢٠١٩، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی.

شوێن: مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر

ئەمەل سەعید کورد بەرهەمێکی نوێ بڵاودەکاتەوە



هەمزە سەرحان

خانمە هونەرمەند "ئەمەل سەعید کوردە"، ئاشکرایکرد بەم زوانە نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بڵاو دەکاتەوە.ئەمەل سەعید لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئینستاگرام)، بەشێک پرۆمۆی کلیپە نوێیەکەی بڵاو کردووەتەوە و نووسیویەتی" **کەژاڵ ئەحمەد تێکستی گۆرانییەکەی نووسیوە** و ئەنوەر قەرەداغی ئاوازی بۆ ئامادە کردووە".ئەمەل سەعید کوردە خەڵکی سلێمانییە، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە کاری هونەری کردووە، بە یەکێک لە خانمە هونەرمەندە بەئەزموونەکان دادەنرێت، بەشی دەنگ و میوزیکی لە زانکۆی لەندەن خوێندووە، ماوەیەکە بەرنامەیەکی هونەری لە لەندەن بە ناوی (مروارییەکانی غوربەت) پێشکەش دەکات.